گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue SpB 2024
ID No. 1474 (PP 465-483)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpB.23

توێژینەوە

# دەرککردنی ئیستاتیکی لە نێو نمایشی شانۆی کوردیدا -شانۆگەری (چیرۆکە بەردەوامەکە) بە نموونە

**بیار لویس یعقوب** / بەشی سینەما وشانۆ،کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق.

**بلقیس علی دۆسکی /** بەشی سینەما وشانۆ،کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق.

## پوختە

هونەری شانۆیی و فەلسەفە پەیوەندییەکی فرەڕەهەندی تەواوکاریان لەگەڵ یەکدا هەیە، بەو پێیەی کە هەردووکیان دەربارەی پرسیارە بنەڕەتییەکان سەبارەت بەوەی لە بارودۆخی مرۆڤ و سروشت و واقیع و هەستی جوانی دەکۆڵنەوە. بۆیە ئەم توێژینەوەیە خوێندنەوەی ڕەهەندی فەلسەفی-ئیستاتیکییە بۆ شانۆگەرییەکی کەلتووری کوردی لە نووسین و دەرهێنانی مامۆستا (احمد سالار) بۆ بەدواداچوون بۆ ئەو پرسیارە (ئایا ئەو دەرککردنە ئیستاتیکییانە چین کە لە نێو نمایشی (چیرۆکە بەردەوامەکە)دا بەدی دەکرێن؟) بۆ بەدەستهێنانی وەڵامی ئەم پرسیارە. لە چوارچێوەی تیۆریدا باس لە پێگەی هونەر کراوە لە نێو هزرە ئیستاتیکییەکان دا، دیدی چەند فەیلەسوفێکی ئیستاتیکی بۆ هونەر کراوە، هەر لە سەرەتای دروست بوونی هزری فەلسەفی لای یۆنان تا سەردەمی ڕۆشنگەری و فەلسەفەی مۆدێرن. دواتر شیکردنەوە بۆ ئەم هزرە جیاوازانە و ڕەنگدانەوەیان لە نێو شانۆگەرییێکی کلتووری کوردیدا کراوە، کە لە ئەنجامدا توێژەران گەیشتوون بەو ئەنجامەی کەوا هزرە فەلسەفییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو ڕەنگدانەوەیان لە نێو ئەم نمایشە شانۆییەدا هەبووە..

CORRESPONDENCE
بیار لویس یعقوب
Bayar.yaqoob@su.edu.krd

وەرگرتن 2023/09/02
پەسندکردن 2024/01/11
بڵاوکردنەوە 2024/08/15

**وشە سەرەکییەکان:**
دەرککردن،
ئیستاتیکا،
بونیادی فەلسەفی،
نمایشی شانۆیی.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## ١-چوارچێوەی پرۆگرامی توێژینەوەکە

### ١-١ کێشەی توێژینەوەکە:

خوێندنەوە بۆ نمایشێکی شانۆیی، پەیوەندی بە ئەزموونی مرۆڤ وەکو تاک و کۆمەڵگا وەک کەلتوور و مێژووی مرۆڤایەتییەوە هەیە؛ بەو پێیەی کە خوێندنەوە بۆ نمایشە شانۆییەکان ئەگەر لایەنی تەکنیکی بەشێک بێت لێی، ئەوا بەشەکەی دیکەی ئەو دەرکە مرۆڤناسییە هزرییەیە کە کەشی گشتی نمایشە شانۆییەکە دروست دەکات. دەرککردنی ئیستاتیکی بە واتای تێڕوانین بۆ بەرهەمێکی هونەری، بە خوێندنەوەیەکی فەلسەفی و پەیوەندی بە هزری فەیلەسووفەکانەوە بۆ هونەر و جوانی؛ بۆ ئەوەی بزانرێت کە ئایا ئەم بەرهەمە هونەرییە چۆن ڕەنگدانەوەی ئەو بنیادە هزریانەی تیایدا بەدی کراوە.

لە بواری هونەری شانۆی کوردیدا، نمایشە شانۆییەکان لە چەند بوارێک خوێندنەوەیان بۆ کراوە. بەڵام بە دەگمەن لایەنی ئیستاتیکی نمایشە شانۆییەکان، بەراورد کراوە بەو دەرککردنە هونەرییە ئیستاتیکیەی کە  پێویستە لە نێو بەرهەمێکی هونەریدا بەدی بکرێت. بەو پێیەی کە هەڵسانگاندنی کارێکی هونەری لە ژێر ڕۆشنایی دەرکە ئیستاتیکییەکان، بوار بە شانۆکارەکان دەدات کە ووردتر ئاست و پێگەی بەرهەمی هونەری بسەنگێنن؛ هەروەها بتوانن بە شێوەیەکی باشتر پەرە بە لایەنە جیاوازەکانی بەرهەمە هونەرییەکانیان بدەن، کە ئەمەش زۆر جار کێشەی دروستکردووە بۆ هەڵسەنگاندنی کارە و بەرهەمە هونەرییەکان. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخرێتە سەر نمایشی شانۆیی (چیرۆکە بەردەوامەکە) لە نووسین و دەرهێنانی مامۆستا (احمد سالار) لە ڕێگەی بەدواداچوون بۆ ئەم پرسیارە:

ئەو دەرککردنە ئیستاتیکانە چین کە لە نێو نمایشی شانۆیی (چیرۆکە بەردەوامەکە)دا بەدی دەکرێن ؟

### ١-٢ ئامانجی توێژینەوە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتییە لە ئاشکرا کردنی ئەو بنەما ئیستاتیکیانەی کە لە نێو نمایشی چیرۆکە بەردەوامەکە دا دەرکیان پێ دەکرێت.

### ١-٣ گرنگی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر هزری فەیلەسوفە ئیستاتیکییەکان و دەروونناسەکان و ڕەنگدانەوەی لە نێو نمایشی شانۆی کوردیدا، کە بەم شێوەیە پەرە بە چێژی ئیستاتیکی بۆ خوێندنەوەی کارە هونەرییەکان دەدات، ئەم توێژینەوەیە گرنگی دەبێت بۆ لێکۆڵەران لە بواری فەلسەفەی هونەر و دەرهێنان و ڕەخنەی شانۆیی.

### ١-٤ سنووری توێژینەوەکە:

سنووری شوێنی: هەرێمی کوردستانی عێراق – پارێزگای هەولێر.

سنووری کاتی: ٢٠١١

سنووری بابەتی: نمایشی شانۆیی (چیرۆکە بەردەوامەکە).

## ٢- (چوارچێوەی تیۆری)

### ٢-١ پێگەی هونەر لە نێو هزرە ئیستاتیکییەکان:

لە یۆنانی کۆندا، کە بە لانکەی دروستبوونی فەلسەفە دادەنرێت، بە بوونی چەندین ڕەوت و هزری جیاوازی فەلسەفی پێش دروستبوونی ڕەوتە فەلسەفییەکان وەک هەموو شارستانیەتێکی کۆنی دیکە لە سەرەتادا ڕۆشنبیری مرۆڤی سەرەتایی لە شارستانیەتی (کریتی و هێلینی و مسینی -کە لە بنەڕەتدا پشتیان بە شارستانیەتی پێش خۆیان بەستووە- هەر ئەو بیرکردنەوەیە ڕەنگدانەوەی لە نێو ئەفسانەکانیاندا هەیە، بۆ نموونە وێناکردنی ئۆرفیۆس بە وتەوەی هۆنراوە بە گوزارشتێکی ژیرانە یا دیدالۆس کە بەردی خستۆتە قسە و وای کردووە کە دار باڵی بۆ فڕین هەبێت، ئەرستۆڤانیس وەک پشتڕاستکردنەوەی ئەم ڕایە ناسینی بواری پزیشکی دەگەڕێنێتەوە بۆ موزایس و فێربوونی ئایین بۆ ئۆرفیۆس و کشتوکاڵ بۆ هۆزیۆس ، سەرەڕای هۆمیرۆس کە مامۆستای یۆنانییەکان بوو بۆ فێربوونی بەکارهێنانی چەک لە جەنگەکان دا )  (مطر، اميرة حلمي. ١٩٩٨، ل:١٨) بۆیە لە قۆناغی پێش دروستبوونی فەلسەفە ڕەگ و ڕیشەی شارستانیەتی یۆنان هەمان بنەماکانی شارستانیەتی مرۆڤی سەرەتایی هەبووە، بەو پێیەی کە بۆ فێربوون و زانین پشت بە جادوو و ئەفسانە بەستراوە ، کە زۆربەی نووسەران لەسەر ئەوە کۆکن کە تەنانەت فەلسەفە هاوچەرخەکانیش دەکرێت ڕەگ و ڕیشەیان لە ئەفسانەدا ببیندرێت، بۆ نموونە جۆن ماکواری پێی وایە کە "لە نێوان شێوازە شیاوەکانی لێکدانەوەی ئەفسانەدا، لێکدانەوەی بوونگەرایی خاوەن گرنگیەکی بنەڕەت بێت" (ماکواری، جۆن.٢٠٠٧، ل٥٤) کە ئەمە وا دەگەیێنێت کە نەک فەلسەفەی بوونگەرایی کە دوای جەنگی جیهانی دووەم وەک قوتابخانەیەکی فەلسەفی سەربەخۆ دامەزراوە، بەڵکو دەکرێت فەلسەفەکانی دیکەش ڕەگ و ڕیشەیان لە ئەفسانەوە هەڵقوڵابێت. بەڵام دواتر  سوکرات ( Socrates ) کە وەک دامەزرێنەرێکی سەرەکی فەلسەفە

لە لای گریک  دادەنرێت، هەوڵی ئەوەیدا پرسیار لە بارەی ئەو بیر و باوەڕ و بەها کۆمەڵایەتیانە بوروژێنێت کە لە شارستانیەتی یۆنانیدا باو بوون، ئەم پرسیارانە بە کرۆکی بنیاتنانی فەلسەفە دادەنرێن، فەلسەفەی سوکرات وروژاندنی پرسیارە دەربارەی کۆمەڵێک بابەتی هزری و کۆمەڵایەتی، لە نێوانیاندا هونەر کە "پێوەر لە لای سوکرات بۆ هونەر پێویستە لە خزمەتی ڕەفتاری ئەخلاقی بەها باڵاکان بێت" (مطر، اميرة حلمي. ١٩٧٠، ل:١٤) کە هەمان بیرۆکە لە لای ئەفلاتوون (Plato) دووبارە بۆتەوە و لە و کتێبی (کۆمار)  بەشی دەیەم کاتێک باس لە بابەتی هۆنراوە و لاساییکردنەوە دەکات و پێی وایە کە (ئەم جیهانە لاساییکردنەوەی جیهانی نموونەییە، هونەری شیعر و لاساییکردنەوەی ئەم جیهانەیە ، بۆیە هونەر لای ئەو و بە تایبەتیش هونەری شیعری و دوو جار لە جیهانی نموونەیی دوور دەکەوێتەوە بۆیە هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نییە لە بەرامبەر هونەرە پیشەییەکان کە قازانج بە کۆمەڵگا دەگەیێنن، سەرەڕای ئەوەی شیعر  و لاسایی کردنەوە هەست و سۆز دەجووڵێنن کە ئەمە وا دەکات ویستی مرۆڤ لاواز بێت، بۆیە شیعر تەنها ئەوکاتە باشە کە پێهەڵدان بێ بە خواوەند و ڕەفتاری پیاوچاکان لە حاڵەتەکانی دیکەدا بێکەڵک و زیانبەخشە بۆ کۆمەڵگا) (سەیری: أفلاطون،٢٠١٢،ل:٣٢٣-٣٤٠) بە تێبینی کردنی ئەوەی کە ئەفلاتوون هونەر بە شێوەیەکی گشتی باس کردووە و لە کاتی باسکردنی شیعر و لاساییکردنەوە بەرامبەر هونەرە پیشەییەکانی داناوە، پێوەر بۆ هەموو جۆرە هونەرێک سوودگەیاندنە بۆ بەها ئەخلاقییەکان. لە بەرامبەر ئەو ڕایەی کە ئەفلاتوون هەیبوو بۆ هونەر و ئیستاتیکا ڕای سوفستائییەکان (Sophists) وا بوو کە "هونەر لە مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە هونەر وا لێکدرایەوە کە دیاردەیەکی مرۆییە و ڕەچەڵەکی بۆ خوداوەندەکان ناگەڕێتەوە، جوانیش وا لێکدانەوەی بۆ کرا کە بەهایێکی گۆڕاوە لە ئەنجامی گۆڕانکاری مرۆڤەکان بەپێی کات و شوێن"( مطر،اميرة حلمي. ١٩٧٠، ل:١٦) بۆیە لە چوارچێوەی ئەم فەلسەفەیەدا لێکدانەوەیەکی واقعیانەتر لە نێو فەلسەفەی گریکیدا بۆ هونەر کرا، کە دوور بێت لە لێکدانەوەی میتافیزیکی و هونەر ببەستێتەوە بە چالاکییەکی مرۆیی بەڵام جیا لە هەموویان ئەرستۆتاڵیس ( Aristotle) لە کتێبی (هونەری شیعر)دا (لێکدانەوەی بۆ خودی هونەر و ڕەگەزەکانی کرد لە ڕێگەی شیکردنەوەی بەرهەمە هونەرییە درامییەکان، لەو ڕێگایەوە توخمەکانی درامای دیاری کرد  کە تێگەیشتنێکی تەواو جیاوازی هەبوو بۆ پێگەی هونەر  و شیکردنەوەیەکی جیاواز بۆ چەمکی گێڕانەوە)( سەیری:ارسطوطاليس، ١٩٥٣) بەو پێیەی ئەگەر دیدی ئەفلاتوون بۆ هونەر دیدێکی نموونەیی بێت ئەوا ئەرستۆ دیدێکی شیکەرەوەی بۆ چیەتی و چۆنیەتی دراما و بەشەکانی هەبوو ، هەروەها ئەگەر دەرککردنی ئەفلاتوون بۆ گێڕانەوەی هونەری بریتی بێت لەوەی کە بریتییە لە لاسایی کردنەوەیەکی بێبەها ئەوا لای ئەرستۆ گێڕانەوە پرۆسەیێکی ئامانجدارە لە نێو هونەر بۆ نموونە لە تراژیدیادا بینەر دەگەیێنێت بە پاکبوونەوە، بەو پێیەی  " کە هونەر لە لای ئەرستۆ تەنها گێڕانەوەیەکی دەستەمۆکراو نییە بۆ سروشت بەو واتایەی کە هونەر لاساییێکی دەقاودەقی سروشت بێت، بەڵکو گوزارشتی لێ دەکات بە وێنەیەکی پەرەسەندوو و بنیاتنراوی نوێ، بەو شێوەیەش سروشت بەرەو پێش دەبات"  (جودي، محمد حسين . ٢٠١٠، ل:١١٥) کە ئەمە وا لێکدەدرێتەوە کە هونەر بریتییە لە گێڕانەوەیەک، کە تیایدا واقع وەک خۆی ناگوازرێتەوە، بەڵکو لە نێو هونەر دا دووبارە جیهانێک بونیات دەنرێت کە لە ڕووی گێڕانەوە زۆر لە واقع دەچێت.

جان جاک ڕۆسۆ (Jean-Jacques Rousseau ) یەکێکە لەو فەیلەسووفانەی کە لە نێو نووسینەکانیدا تیشکی خستۆتە سەر لایەنی هەست و سۆز "فەیلەسووفەکان بەگشتی  دوای بیکۆن لافوگەزافی باڵایی ئەقڵیان بەسەر هەست و سۆز داوە ، بەو ئاراستەیە ڕۆیشتوون کە پێشکەوتنی هونەر و زانست ئەنجامەکەی بە ئازادکردنی مرۆڤ و پێشکەوتنی مرۆڤ دەبێت. جگە لە رۆسۆ، کە بە پێچەوانەوەوە پێی وا بوو کە خراپی سەدەکانی ناوەڕاست بەرهەمی شارستانیتێکی دروستکراون... بۆیە خراپن... بەو مەبەستە ژیانی مرۆڤی سەرەتایی بەرز دەنرخێنێت کە بە دیدی ئەو لە کۆمەڵگایەک دەژیان کە گشتیان یەکسان بوون بێ بوونی هەژاری یا دەستەمۆیی" (رايت، وليم كلي. ٢٠١٠، ل:٣٣٨) کە ئەم دیدە دەکرێت لە دوو لایەنەوە خوێندنەوەی هونەری بۆ بکرێت، یەکەمیان جیا لە دیکارت پێی وایە پێویست ناکات بۆ پێوانەی هونەر یاسا و ڕێسای ئەقڵی بەکاربهێنرێت بەڵکو خودی جووڵاندنی هەست و سۆز کە لە ڕێگەی هونەرەوە ئەنجام دەدرێت بەهایێکی هونەرییە، هەرچی لایەنی دووەمی خوێندنەوەی دیدی ڕۆسۆ بۆ ئەم بابەتە ئەوەیە کە زوو درکی بەو ڕێسا و یاسایا ئەقڵیانە کردووە کە شارستانیەتی ئەورووپی وەک کۆت و بەند بۆ مرۆڤ دایناوە، کە هەردوو دیدەکە بە ڕوونی لە نووسینەکانیدا ڕەنگیانداوەتەوە.

پێش ئەلکسەندەر بۆمگارتن ( Alexander Gottlieb Baumgarten) باسکردنی بابەتی ئیستاتیکی هەر لە چوارچێوەی  فەلسەفە بووە، بەو پێیەی کە باسکردنی هونەر و بەها ئیستاتیکییەکان وەک بەشێک لە هزر یا ئەخلاقی کۆمەڵایەتی داندراوە، بەڵام بۆمگارتن بۆ یەکەم جار "پێناسەی ئیستاتیکای کرد بەو پێیەی کە زانستێکی سەربەخۆیە و لۆژیکی زانینی هەستیە نادیارەکانە دەربارەی کامل بوون Perfectin، کە ئەگەر دەربارەی زانینێکی دیاریکراو بێت بە ڕاستی وەسف دەکرێت، ئەگەر دەربارەی ڕەوشت بێت بە چاکە دەناسێندرێت، بەڵام ئەگەر دەربارەی هەست و سۆزەکانمان بێت دەبێتە جوانی"( مطر، اميرة حلمي. ١٩٩٨، ل:١٠٧)

ئەو بواری زانینی ئیستاتیکی لە بەشەکانی تری فەلسەفە جیا کردەوە، کە بەپێی لێکدانەوەکەی بریتییە لە زانستی ناسینی هەستەکان، ئەم زاراوەیە دواتر لە نێو فەیلەسووفەکان بە شێوەیەکی بڵاو بەکارهێندرا کە یەکێک لەو فەیلەسووفانەی کە بە شێوەیەکی بەرچاو گەنگەشەی ئەم زاراوەیەی کرد (ئیمانوێل کانت) ـە.

باسکردنی کانت ( Immanuel Kant) بۆ بواری ئیستاتیک بەشێکە لەو دەرککردنەی کە کانت بۆ ئەقڵ و هزر و ژیان هەیبووە، بۆیە ناکرێت لێکدانەوە بۆ تەنها بەشێک یا زاراوەیەکی کانت بکرێت ئەگەر فەلسەفە گشتییەکەی لەپێش چاو نەگیرێت، ئەگەرچی کتێبی (ڕەخنەی ئەقڵی دادوەری) بە ڕادەیەکی زۆر تایبەت کردووە بە شیکردنەوە و پێگەی هونەر سەبارەت بەم بابەتە دەڵێت "ئامانج لە هونەر بوونی چێژە... چێژێکی کە بەرکاربێت بۆ گشت مرۆڤەکان" (کانت، ئیمانوێل. ٢٠٠٩، ل:١٠٨) ئەم دەرککردنە بۆ پێگەی هونەر کە ئیستاتیکا لە زۆرێک لەو کۆت و بەندانەی کە بەسەر هونەر سەپێنراون ئازاد دەکات بەو مەرجەی کە چێژبەخش بێت، نەک چێژبەخشییەکی تاکەکەسی بەڵکو چێژێکی (ترانسیندتاڵیTranscendetal ) کە "پێویستە لە گشت قازانجێکی مادی دوور بێت یا ویستێکی تاکەکەسی" (أبو دبسه، فداء حسين و نووسەری تر. ٢٠١٠، ل:٩٠) هەروەها دەربارەی ئامانج لە هونەر پێی وایە کە ( ئەستەمە و ناکرێت هیچ کاتێک بەهای دیاریکراو بۆ جوانی دابنرێت نە لە نێو سروشت نە لە نێو هونەر، بۆیە لە لای کانت هونەرمەندی باش ئەو کەسەیە کە وەک سروشت جوانی بەرهەم بهێنێت، هەروەها جیاوازی لە نێوان جوانی (الجميل) و سەرسامی (الجليل) دەکات، بەو پێیەی جوانی پەیوەستە بە هەستکردنێکی چێژبەخش، بەڵام سەرسامبوون هەستێکی جیاوازە، هەستی شۆکبوون و جۆرێک لە ترس دروست دەکات، ئەو کەسەی کە تووشی سەرسامبوون دەبێت هەست بە مەزنی ئەو بەرهەمە دەکات کە بەرامبەری وەستاوە) (سەیری:رایت، وليم كلي. ٢٠١٠، ل:٢٨٤-٢٨٥)

چ وەک بابەتی مرۆڤناسی یا وەک دەرککردنی هونەری، ئەو تێگەیشتنەی کە هیگڵ ( Georg Wilhelm Friedrich Hegel)هەیەتی تیشکی خستۆتە سەر چەند لایەنێکی ئیستاتیکی کە چەمکی ڕۆحی ڕەها وەک چەقی بیرکردنەوەکەی بەدی دەکرێت بە شێوەیەک کە دەڵێت "مرۆڤ لە ڕێگەی (ڕووحی ڕەها) زیاتر هۆشیار دەبێت بەو جیهانە ماتریاڵی و کۆمەڵایەتییەی کە تیایدا دەژی، لە ڕێگای هونەر، ئایین، فەلسەفە، دەبەستریتەوە بە ڕەچەڵەکە خودایی و چارەنووسەکەی، بەو پێیەی کە بیرۆکەکان لەو سێ بوارەدا بەرجەستە دەبن" (رايت، وليم كلي. 2010، ل:٣٢٩) گشتگیرترین وێنا لە جیهاندا بریتییە لە ڕۆحی ڕەها، هیگڵ پێی وایە هونەر بەرجەستەکردنێکی گرنگی مرۆڤە بۆ گەیشتن بە وێنا گشتییەکەی گەردوون بۆیە "هەر شتێک لە بووندا هەیە لە دیاردەی سروشتی یا مادی یا ڕێسا مرۆییەکان وهزرییەکان لە کۆتاییدا وێنەیەکە لە وێناکانی ڕۆح"( مطر، اميرة حلمي. ١٩٩٨، ل: ١٢٤)بۆیە وێنە تایبەتەکان، یا بەشەکان، یا هەر وێنەیەکی کۆمەڵایەتی یا مرۆڤناسی یا سروشتی بەشێکە لە ڕەنگدانەوەی ڕۆحی ڕەها ئەو ڕۆحەی کە بەشێکی لە هەر مرۆڤێکدا بوونی هەیە وێناکەی لە نێو هەندێک بواردا ڕەنگدانەوەی دەبێت کە یەکێکیان هونەرە، بۆیە ئەگەر فەیلەسووفەکانی پێشتر پێیان وابووبێ کە جوانی بەشێکی لە سروشت یا بەشێکی لە نێو هونەر ڕەنگدانەوەی هەیە ئەوا هیگڵ پێی وایە کە "بابەتی ئیستاتیکا باسی هونەری سروشتی ناکات بەڵکو پەیوەندیدارە بە جوانی هونەری، لەبەر ئەوەی کە هونەر پێگەیەکی باڵاتری لە جوانی سروشتی هەیە، چونکە لە داهێنانی ڕۆح و دروستکراوی ئاگایی و بەرهەمی ئازادییە، هەر شتێکیش بەرهەمی ڕۆح بێت هەڵگری خەسڵەتەکانیەتی و لە سروشت باڵاترە " (مطر، اميرة حلمي. 1998، ل:١٢٥) کە ئەم دەرککردنە بە پێچەوانەی ئەو ڕایەی کە پێی وایە هونەر ڕەنگدانەوەی سروشت یا لاسایی کردنەوەی سروشت بێت، لە لای هیگڵ هونەر بەهاێیکی باڵایە و کاری هونەرمەند داهێنانێکی ڕۆحییە.

شۆپنهاوەر (Arthur Schopenhauer) یەکێکە لەو فەیلەسووفە ڕۆژئاواییانەی کە بە بایەخەوە لە هونەر و ئیستاتیکای ڕوانیوە، ئەو پێی وایە کە "جیهان بە تەواوی بریتییە لە بیرۆکە، شۆپنهاوەر هەمیشەی پێی وا بووە کە ناکرێت هیچ بابەتێک بێ بوونی خود هەبێت، بەو مانایەی ناکرێت هێچ شتێکی دەرەکی وەک بابەتی سروشتی بوونی هەبێت بێ ئەوەی خود درکی پێ بکات"( مطر، اميرة حلمي. ١٩٩٨، ل:١٢٥) بۆیە ئەو دەرککردنەی کە مرۆڤ بۆ گەردوون هەیەتی و ئەو ڕاستیانەی کە لە بیرۆکەکانی بۆ ژیان دروستی دەکات بوونی خۆیان لە نێو بیرۆکەکان دا دەسەلمێنن، لە دیوێکی دیکەدا بە پلەی یەکەم شۆپنهاوەر پشت بەو وێنایە دەبەستێت کە لە نێو خودی تاکەکاندا بۆ جیهان دروست دەبێت، تەنانەت سروشت و تێگەیشتن لە بوون بنچینەکەی لە بیرۆکەی مرۆڤەکانەوە دروست دەبێت، وە ئەو هزرەی کە "کۆتا ڕاستی لای شۆپنهاوەر ویستە" (رايت، وليم كلي. ٢٠١٠، ل:٢٤٩) بۆیە ئەو ویستە پاڵنەری سەرەکییە نەک تەنها بۆ مرۆڤ بەڵکو بۆ تەواوی گەردوون بۆ بەردەوامبوون، بەو پێیەی کە سروشت و مرۆڤیش وەک جۆر نەک وەک تاک هەمیشە ویستێک هەیە کە لە نێو ئەو سروشتەدا بەرێوەیان دەبات "تاکەکانی کۆمەڵگا تەنها چەند نموونەیەکن بۆ جۆری مرۆڤ، بەو پێیەی تاکەکان بە بەردەوامی لەدایک دەبن و دەگۆڕدرێن و دەمرن، بەڵام مرۆڤ وەک جۆر دەمێنێت و بەردەوام

دەبێت. بۆیە دەبێت ئەو جیاوازییە بکرێت لە نێوان بیرۆکە بەردەوامەکان و ئەو ڕەنگدانەوە کاتیانەی کە بۆ ماوەیەک بوونیان دەبێت"(رایت، وليم كلي. ٢٠١٠، ل:٢٥٠) بەو پێیەی کە ئەو بیرکردنەوە یا وێنانەی کە بە هۆکارێکی کاتی یا شوێنی لای مرۆڤەکان دروست دەبن بە جیا پۆلێن دەکرێن لەو هزر و بیروبۆچوونە هەمیشەییانەی کە لە لایەن مرۆڤەیەتییەوە دەردەکەون، کە لەم دیدگایەوە ئەو پێی وایە کە "هونەر هزرە هەمیشە زیندووەکان بە شێوەیەکی ماددی بەرجەستە دەکات"(رایت، وليم كلي. ٢٠١٠، ل:٢٥١) کە ئەمەش بوار دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی لە ڕێگەی خوێندنەوە هونەرییەکانەوە ئەو بیرکردنەوانە بەرجەستە بکرێن و شیکردنەوەیان بۆ بکرێت کە لە ڕێگای هونەرەوە بەرجەستە دەکرێن و دەبن بە بەشێک لەو ویستە هەمیشە بەرجەستەکراوەی بیرکردنەوەکانی مرۆڤ، بۆیە زۆرێک پێیان وایە کە لە دەرکردنی ئیستاتیکی شۆپنهاوەر "هاوئاهەنگی لە نێوان بابەتی بلیمەتی و خەیاڵ دا هەیە " (الربيعي، علي محمد هادي،2012، ل: 42) بە جۆرێک کە هونەرمەند لای ئەو بلیمەتێکە کە خەیاڵێکی جوان و فراوانی هەیە.

دوابەدوای پەرەسەندنی زانستەکان و گەیشتنی مرۆڤ بە قۆناغێک کە تیایدا مرۆڤ دەستی بە زۆر شت گەیشت ، کە سەردەمانی پێشووتر زۆر بە ئەستەم پێی دەگەیشت، گۆڕانکاری لە خودی فەلسەفە و دیدی ئیستاتیکی بۆ هونەر دروست بوو کە "هەندێک لە فەیلەسووفەکان .. پێیان وایە کە کاری فەلسەفە ئەوەیە کە خاڵی گەیشتنی زانست بکەن بە خاڵی دەستپێک و وەرچەرخان بۆ فەلسەفە " (رایت، وليم كلي. ٢٠١٠، ل:٣٦٠) یەکێک لە فەیلەسووفە دیارانەی ئەو بوارە هنری برێگسۆنە (Henri Bergson) کە سەرەڕای گرنگیدانە بە فەلسەفەی زانست، پێگەی هونەر لە فەلسەفەکەیدا بە ڕوونی بەدی دەکرێت کە پێی وایە کە " هونەر بە (چاوێکی میتافیزیکی) دادەنرێت، وەک ئەوەی هونەر دەرککردنێکی ڕاستەوخۆ بێت دەرگا بۆ خاوەنەکەی بکاتەوە تا بچێتە ناخی ژیان وگەشتکردن بە نێو چینە جیاوازەکانی واقع، پەردەلادانێکە لەسەر ئەو ڕاستیانەی کە لە پشت پێداویستی ژیانی پراکتیکین"إبراهيم، زكريا. 1988، ل: ١٤) بۆیە هونەر لەم دیدەوە دەکرێت چەندین لایەنی ئاشکرانەکراوی تێدا بەدی بکرێت کە زانست پەی پێ نەبردووە، قووڵ بێتەوە لە نێو ژیان، ئەو نهێنیانە ئاشکرا بکات کە دیار و بەرچاو نین لەبەر سەرقاڵی مرۆڤەکان بە کار و چالاکییەکانی تر، کە ئەم واقعیەتە میتافیزیکییەی هونەر لە فەلسەفەی برێگسۆن دیوێکی گرنگی هونەرە کە بەپێی بۆچوونی ئەو لە هونەردا " هونەر پێویستە پێکەوەبەستنی ژیانی ڕۆژانە بێت بە ئێستاتیکا ئەوە ببینرێت کە ئێمە ناتوانین ببینین"( إبراهيم، زكريا. 1988، ل: ١٤) بەو پێیە بێت پێگەی هونەر لە فەلسەفەی برێکسۆن خستنەڕووی نهێنییەکانە، لە هەمان کاتدا دەرگا واڵاکردنە بۆ لێکدانەوەی سومبولی هونەر بە مەبەستی ئاشکرا کردنی ئەو نهێنیانەی کە لە نێو کارە هونەریەکاندا لە نێو واقع ئاشکرا دەکرێن. ئەوە سەرەڕای ئەوەی دەڵێت کە "کۆمیدیا تاکە هونەرە کە تیایدا ئەقڵ زاڵە و مەزەندەکردن Intution بوونی نامێنێت بە شێوەیەک کە دەڵێت جیهانی کۆمیدیا بۆ ئەو کەسانەیە کە بیر دەکەنەوە و تراژیدیاش بۆ ئەوانەی کە هەست دەکەن" (مطر، اميرة حلمي. 1998، ل:١٩٠-١٩١) بۆیە لە فەلسەفەی برێگسۆن دا هونەر بەشێکی دانەبڕاوی فەلسەفەیە، ئەوە ئەگەر خودی هونەر خۆی فەلسەفە نەبێت بەو پێیەی جۆرەکانی هونەر کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر شانشینە فەلسەفییەکان  هەیە، کە ئەوانیش دەرککردنی هەستی و دەرککردنی عەقڵانین.

لە گەنگەشەی کرۆتشە ( Benedetto Croce) دا بۆ پێناسەی هونەر دا دەڵێت "هونەر جیایە لەوەی کە ناوبنرێت بە جیهانێکی ماتریاڵی لەبەر ئەوەی ڕۆحە، جیاوازیشە لە چالاکی پراکتیکی و ئەخلاقی و تێگەیشتن لەبەر ئەوەی مەزەندەکردنە " (ب، كروتشە. ٢٠٠٩، ل:٧٧) بۆیە چالاکی هونەری لە لای ئەو لە هەمان کاتدا دەکرێت لایەنی بەرجەستەکراوی تێدا بێت و چالاکیێکی دەروونیش بێت لە هەمان کاتدا پێشبینی کردن و باسکردنی ڕەوشت و ئاکار و خەسڵەتەکانیش لەخۆبگرێت، بۆیە خوێندنەوە هونەریەکان ژینگەیەکی لەبارن بۆ قووڵبوونەوە لە ناسینی چالاکییە ئەنترۆپۆلۆژییەکان و ناسینی مرۆڤ لەو دیدەی کە "زانستی جوانناسی بە ڕای ئەو زانستێکی وەسفییە (نەک پێوانەیی)، لەبەر ئەوەی شیکردنەوەیەکی سایکۆلۆژیمان بۆ ئەرکێکی سەرەتایی لە کارەکانی ڕۆحی مرۆیی پێ دەدات ، ئەویش فەرمانی مەزەندەکردن و پێشبینی و دەرککردنی بینراوە"( إبراهيم، زكريا. 1988، ل: ٣٦-٣٧)کە لە ڕێگای چالاکی هونەرییەوە دەکرێت مرۆڤەکان بێ پێوانەکردنێکی بیرکاریانە دەرک بە چینە جیاوازەکانی قووڵایی ناخی مرۆڤەکان بەرجەستە بکەن و لەو ڕێگایەوە هزرە نەبینراوەکان بخرێنە چوارچێوەیەکی دیار و ڕوون، کە لەم ڕێگایەوە هونەر دەبەسەسترێتەوە بە زانستەکانی زمانەوانی لە پێناسەکەی بۆ هونەر ئەم بیرکردنەوەیە ڕەنگیداوەتەوە کە پێی وایە "بریتییە لە زانستی زمانەوانی گشتی Beneral Linguistic، لەبەر ئەوەی زانستێکە کە تیایدا گرنگی بە ئامرازەکانی گوزارشتکردن expressive media دەدرێت، لە هەمان کاتدا زانستێکی فەلسەفییە، بۆیە فەلسەفەی زمانەوانی هاوواتایە لەگەڵ فەلسەفەی هونەر" (مطر، اميرة حلمي. 1998، ل: ١٤٩)کە لە کارە هونەرییەکاندا گشت بنەماکانی زمانەوانی بەدی دەکرێن  لە دیدی ئەم فەلسەفەیە دەکرێت خوێندنەوە زمانەوانییەکان بەسەر کارە هونەرییەکاندا جێبەجێ بکرێت و لێکدانەوەی زمانەوانی بۆ کاری هونەری بکرێت بەو پێیەی کە "وێناکردن وەک وتەیە،

وتەش وەک وێناکردنە، ئەم دووانە لە یەکەیەکی دانەبڕاو دان"(ب، کروتشە. ٢٠٠٩، ل:٨٣) بەو پێیەی هونەریش چالاکییەکی ڕۆحییە بۆیە "ڕۆح کاتێک شتێک مەزندە دەکات وێنای دەکات و گوزارشتی لێ دەکات، گوزارشتێک کە زۆر فراوانرە لە گوزارشت کردن بە ووشە... گوزارشت کردن بە هێڵ و ڕەنگ و دەنگ" (مطر، اميرة حلمي. 1998، ل: ١٩٥) بۆیە گشت ئەو کەرەستانەی کە لە کارێکی هونەریدا بەکار دێن مانابەخشن ، مانایەک کە وا دەکات کە هونەر وەک بەشێک لە زمانەوانی سەیر بکرێت.

لە فەلسەفەی دیوی ( John Dewey) دا بۆ هونەر " زۆربەی ئەو لێکدانەوانە بۆ ڕاڤەکردنی هونەر ڕەت دەکاتەوە ، لەبەر ئەوەی پێی وایە کە لێکدانەوەکان لە خودی هونەر دابڕدراون ، یاخود لێکدانەوەی ڕۆحین بۆ هونەر، بەو شێوەیەش هەموو پەیوەندییەکان دەپچڕێنن لە نێوان بابەتی ئەزموونی بەرجەستەکراو، بێ ئەوەی دەرک بەوە بکرێت کە پەیوەندیێکی پتەو لە نێوان هونەرە جوانەکان و ژیانی ڕۆژانە هەیە " (إبراهيم، زكريا. 1988، ل:٨٥) بۆیە فەلسەفەی هونەر لەم دیدەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی ڕۆژانە هەیە و دوور دەکەوێتەوە لە لێکدانەوە میتافیزیکی یا هەر لێکدانەوەیەکی تر کە جیا بێت لە ئەزموون، بەڵکو ئەو پێی وایە کە هونەر پێویستە پێکەوەبەستنی ژیانی ڕۆژانە بێت بە ئیستاتیکا، لەبەر ئەوەی پەیوەندی هونەر پەیوەندیێکی ڕۆحی یا فکری یا هزری نییە بەو پێیەی ڕاڤەکردنی دیوی بۆ هونەر ڕڤەکردنێکی کۆمەڵایەتییە وە هونەر ئەو کاتە دەگاتە ترۆپک کە گوزارشت بێت لە دەرکی گشتی کۆمەڵگا بۆیە "هەر هونەرێکی ڕاستەقینە گوزارشتکردنە لە چەند بەهایەک کە لە ئەزموونی کۆمەڵگا یا تاکێکی دیاریکراو دا بوونی هەیە. کاتێک ئەو ئەزموونانە ژیانیان پێ دەبەخشرێت بە وێنایەکی قووڵ و بەهێز، دەگاتە ترۆپکی کاری هونەری"( رايت، وليم كلي. 2010،ل:٥٢٤) لە ژێر ڕۆشنایی ئەمەدا ڕەنگدانەوەی بەها هونەرییەکان لە نێو کارە دراماییەکاندا وا دەکات کە دەرەککردنێکی بەکۆمەڵی پەسەندکراوی ئەرێنی هەبێت بەرامبەر بە کۆمەڵگا بە شێوەیەک کە ئەزموونی هەر تاکێک وەک هونەرمەند بەشێکە لە ئەزموونی گشتی کۆمەڵگاکان. دیوی لە لایەنێک نزیک دەبێتەوە لە هزری ئەفلاتوون لە پەیوەندی بەستن بە هونەرە پێشەییەکان و هونەرە جوانەکان بەڵام لە دیوێکیتر ئەو وای دەبینێت کە "هونەر دەبێت شیکردنەوە و گوزارشت بێت لە ماناکانی ژیان بۆ ئەوەی چێژی لێ ببینین... هەر بەرهەمێک پێویستە ڕۆحیەتی هونەری تێدابێت... بۆیە تەنانەت کارگەکانیش ڕەچاوی لایەنی ئیستاتیکی بکەن... هەر کارگوزار و کارمەندێک بە شێوەیەک لە شێوەکان هونەرمەندە "( رايت، وليم كلي.2010، ل:٥٢٤-٥٢٥) بۆیە ئەو تەنیا کاری هونەری بە ئیستاتیکا سەیر ناکات بەو پێیەی دەبێت جۆرێک لە هونەر لە گشت کایەکانی ژیاندا فەراهەم بێت بۆ ئەوەی لە دیوێک کارەکان نزیک ببنەوە لە کۆمەڵگا و لە دیوێکیتر هونەر بتوانێت شوێنی خۆی لە نێو بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا بکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو پێی وایە کە هونەر ئەگەرچی ئەزموونی تاکەکەسیش بێت بەڵام گفتوگۆ لەگەڵ تاکەکان ناکات بەڵکو لەگەڵ مرۆڤەکانیتر هەر بۆیە دەڵێت کە "هونەر ئەو کاتەی گفتوگۆ لەگەڵ مرۆڤ ناکات، بەڵکو لەگەڵ مرۆڤایەتی، قسەی ڕاست دەردەبڕێت، دەربڕینەکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبێت، بۆیە بەو شێوەیە هەر کارێک ئەنجام بدرێت بیرۆکەی لێ لەدایک دەبێت" (ديوي، جون. 2011، ل:٥٨٥) کە لەدایکبوونی بیرۆکە لە نێو کاری هونەری لە ئەنجامی بەریەک کەوتنی بیرکردنەوەی هونەرمەندەکانە بە کۆمەڵگا هەر ئەمە وای کردووە کە "دیوی بە یەکێک لە بانگەشەکەرانی یەکسانی بناسرێت لە ڕووی ئەنترۆپۆلۆژییەوە"( رايت، وليم كلي. 2010، ل:٥٠٨).

ئەلبێر کامۆ ( Albert Camus) لە کتێبەکەیدا هونەر و ئەدەب بە گشتی بە جێگرەوەی خۆکوژی دەبینێت بەو شێوەیەی کە هونەر و فەلسەفە وەک ئاوێنەیەکن بۆ گەردوون و مرۆڤ یەکانگیر دەکەن لەگەڵی بۆیە دەڵێت "ئەگەر مرۆڤ دەرکی کرد کە گەردوونیش وەک ئەو دەتوانێت دڵخۆش بێت و ئازار بچێژێت ئەوا بە چارەنووسی خۆی قایل دەبێت. ئەگەر بتوانێت هزر لە نێو ئاوێنەی دیاردە کاڵەکاندا ئاشکرا بکات، یا بتوانێت پەیوەندیێکی تاهەتایی کە لە گشت دیاردەکان ڕزگاری بکات بەپێی یەک بنەما، چێژێکی ئەقڵی وا دەبینێت کە لە بەرامبەریدا ئەفسانەی پیرۆز تەنها لاساییکردنەوەیەکی پێکەنیناوی بێت. بۆیە ئەو سۆزە کە بۆ یەکانگیری هەیە و ئەو حەزە زۆرەی کە بۆ ڕەهایی، پاڵنەری سەرەکی درامای مرۆیین" (كامو، البير. 1983، ل:١٩) بۆیە هونەر ئەو ئاوێنەیەیە کە یەکانگیری لە نێوان هزر و دیارەکانی ژیانی ڕۆژانە دروست دەکات ، دەرکێکی گشتگیر بۆ ئەو دیارە ڕۆژانانەی کە مرۆڤەکان تێیدا تێپەڕ دەبن، ڕێکی دەخات و چڕی دەکات ئینجا پێشکەشی دەکات، بۆیە چێژێک دەبەخشێت کە چێژەکە نزیکە لەو چێژەی کە ئەفسانەکان بە مرۆڤی دەبەخشن، چێژێکی گەردوونی کە مرۆڤ هەر لە سەرەتای بوونەوە بەدوایدا دەگەڕێت هەر بۆیە دەوترێت کە "کامۆ هونەر بە ڕەهەندێکی میتافیزیکی مرۆیی دەبەستێتەوە، ئەو وای دەبینێت کە بوونی مرۆڤ -فەیلەسووف بێ یا هونەرمەند – دەبێت ڕووبەڕووی ئەو (بێهودەیی)یە ببێتەوە کە لە گەردووندا بڵاوە لە ڕێگای (ئازادی، یاخی بوون، توانای داهێنان)" (إبراهيم، زكريا. 1988، ل:١٧٣) هەر بۆیە هونەرمەند بە ڕای کامۆ دووبارە وێنەی ئەو جیهانە دەکێشێت کە تیایدا دەژێیت بە وێنایەکی دانسقەتر و جوانتر و باشتر، بەو پێیەی وێنەکان لە ژیاندا کرچ و کاڵ و نامۆ و بێهیواکەرەوەن، پێکەنیناوی و سادەن، بەڵام هونەرمەند هەمان کاری فەیلەسووف دەکات بە دووبارە ڕێکخستنەوەی ژیان و پێشکەش کردنی، کە ئەمەش سەرەتا لە ڕێگای بیرکردنەوەیێکی دوور لە

کۆت و بەند دەکرێت و دواتر کە مرۆڤ ئازادانە لە ژیانی ڕوانی، لێی یاخی دەبێت و هەوڵ دەدات کە داهێنان بکات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی جوانتر و باشتر و ڕێکتر لەو واقعە پێشکەشی بکات کە تیایدا دەژێێت کە ئەمەش ئازادی دەبەخشێت بە هونەرمەند بۆ دووبارە پێداچوونەوە بە دیاردەکان و داڕشتنەوەی بەو شێوەیەی کە هونەرمەند یا فەیلەسووف دەیبینێت بەڵام نەک لە ڕێگای ووشە بەو پێیەی کە "هەستە مەزنەکان، هاوچەشنی کارە مەزنەکان، مانا زیاتر دەبەخشێت لەوەی کە لە ڕێگای وتنەوە دەرکی پێ دەکرێت" (کامو، البیر.1983، ل:١٩)هەر بۆیە هونەر و ئەدەب بە ڕای کامۆ دەرکێکی قووڵتری تێدا هەیە لەو وشە و دیالۆگانەی کە دەنووسرێن لەبەر ئەمەیە ئەو هونەرمەندانەی کاریگەر بوون بە فەلسەفەی کامۆ هەوڵی تێکشکاندنی وشە و دیالۆگەکان دەدەن بە مەبەستی دروست کردنی ئەو جیهانە هونەرییە کە دەرککردنی قووڵ بۆ ماناکانی ژیانی تێدا ڕەنگ بداتەوە کە لە خودی ژیانەوە هەڵقوڵابێت بۆیە ئەو وای دەبینێت کە "ئێمە لە کەسانی دیکەدا ەنها جیهانە دەرەکییەکە دەبینین یاخود ئەو هێڵە ڕووکەشانەی کە لە پێش چاوماندا وێنا دەکرێن، بۆیە ئێمە دەرک بەو وردەکاری و بەشە بچووکانە ناکەین کە لە قووڵایی ناخیاندایە. بۆیە ڕەنگە هەر ئەمە ئەو نهێنییە بێت کە بەرگێکی هونەری بە بەر ژیانی ئەوانی دیکەدا دەکەین، کە وەک ڕۆمانێک ڕێک و دانسقە بێت، بۆ ئەوەی بچینە نێو وردەکارییەکانی ژیانیان و ئەو پارچەپارچەبوون و دژیەکی و ڕاڕاییە ناوەوەیان دەربخەین"( إبراهیم، زکریا. 1988،ل: ١٨١) بۆیە جیهانی دەورووبەر و مرۆڤەکانی دی لە نێو هزری کامۆ لە ناخی مرۆڤەکاندا جیهانێکی ڕێکخراو و داڕێژراوە بە شێوەیەکی هونەری هەر ئەمەش وا دەکات کە کارەکتەرەکانی دی هێڵکاریەکەیان بۆ دروستکرابێت کە ئەمەش وا دەکات ناخە ڕاستەقینەکە کەمتر دەربکەوێت کە پڕە لە تێکشکاوی، هەر ئەوە وا دەکات کە کامۆ نەک وەک فەیلەسوفێک بەڵکو وەک "هونەرمەندێکی شانۆکار و فەیلەسووف لێکدانەوەکانی وەربگیرێن" (یوسف، شاهین و نووسەری تر، ٢٠٠٢، لا ٢١٥).

سارتەر( Jean-Paul Sartre) پێی وایە کە بابەتی هەستکردن بە جوانی ئەوەندەی بابەتێکە کە پەیوەستە بە خود ئەوەندە پەیوەست نییە بە جیهانی دەرەوە لەبەر ئەوەی " جواناسی بابەتێکی (خەیاڵکراوە)، بۆیە نە بوونی دەبێت نە دەرکی پێ دەکرێت ئەگەر ئاگایێکی وێناکراوی نەبێت بەو پێیەی ناواقعیە " إبراهیم، زکریا. 1988، ل:١٩٥)بۆیە بەرهەمە هونەرییەکان بەپێی دیدی سارتەر زادەی خەیاڵی مرۆڤن و پرۆسەیەکی خودین کە تیایدا تەنها هونەرمەند ڕۆڵ نابینێت بەڵکو "خەیاڵی چێژوەرگر یا ئەو کەسەی تێڕامان بە کارە هونەرییەکە دەکات  کاری تەنها ڕێکخستن نییە بۆ دەرکە هەستییەکان، بەڵکو پرۆسەی دووبارە داڕشتنەوەیە بۆ بابەتە ئیستاتیکییەکە بە دەستپێکردن لەو کارتێکەرانەی کە هونەرمەندەکە جێیهێشتوون" (إبراهیم، زکریا. 1988، ل:١٩٩) کە لە مەدا بەرکەوتەی کاری هونەریش کاریگەر دەبێت بەو خەیاڵەی کە هونەرمەند لە هونەرە جیاوازەکاندا ئاراستەی دەکات  بۆیە ئەویش وەک خودێکی داهێنەرانە خەیاڵ بەکار دەهێنێت و بەرهەمەکە لە لای ئەو چەکەرە دەکات، بەو جۆرەی کە "گرنگیدانی سارتەر بە خەیاڵ لە لای مرۆڤ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کاتێک خەیاڵ مرۆڤ دووردەخاتەوە لە واقع جیهانێکی تری پێ دەبەخشێت کە تیایدا ئازادی بە باڵاترین شێوە بەرجەستە کراوە بۆیە کاری خەیاڵ لە لای مرۆڤ پێشکەشکردنی جیهانێکە کە شوێنگرەوەی جیهانی واقعی بێت" (مطر، امیرة حلمي. 1998 ل:٢٠٨) لە کاتێکدا هونەر وەک جێگرەوەی واقع دەبینرێت، واقعێک کە لە دامەزراندنی خەیاڵی هونەرییە بۆیە گشت ئەو بوونانەی کە لە جیهانی هونەریدا هەن دروسکراوی هزر و ئەقڵی مرۆڤن و ئاراستەی مرۆڤ دەکرێن ئەمە لە کاتێکدا چالاکییە ئەقڵییە هەمەچەشنەکان ڕەنگدانەوەیان لە هونەر دا  هەیە، بەو شێوەی کە "ئاگایی مرۆڤ بە چەندین کرداری جیاواز هەڵدەستێت دەربارەی وروژێنەرە دەرەکییەکان، دەرک دەکات، وێنا دەکات، خەیاڵ دەکات، ئەوانە گشتیان ڕێگای جیاوازن دەکرێت ئاگایی بۆ یەک شت بەکاریان بهێنێت، دەکرێت دەرک بە دارێک بکرێت و وێنای بکرێت و خەیاڵیشی بکرێت، بەڵام بە سێ پرۆسەی جیاواز"( مطر، امیرة حلمي. ،1998 ل:٢٠٩) بەڵام سارتەر زیاتر پێی وایە کە کاری هونەری تیایدا خەیاڵ بەکار دەهێنرێت و ڕۆڵی ئەو زیاترە لە دەرککردن یا وێناکردن  بە شێوەیەک کە پێی وایە "شتە نازیندووەکان بوونێکی سەربەخۆیان نییە، بەڵکو لە ڕێگای بەکارهێنانەوە بوونیان پێ دەبەخشرێت" (فقیە، أحمد. 2010، ل:73) بۆیە هەر کەرەستەیەک کە نازیندوو بێت بوونەکەی لە هزری مرۆڤ وەردەگرێت، لە کاتێکدا ئەو وای دەبینێت کە "ئەگەر دەرککردن بابەتێک بێت کە ئاگایی پێی دەگات، ئەوا خەیاڵ بابەتێکە کە خودی ئاگایی دەیبەخشێت" (إبراهیم، زکریا. 1988، ل:١٩٥) بە جۆرێک کە دەرککردن پێویستی بە کارتێکەری دەرەکی و لێکدانەوەی هەستەوەرەکانە بۆ گشت ئەو شتانەی کە لە دەورووبەری مرۆڤن، بەڵام بەو لێکدانەوەیەی کە خودی مرۆڤ تەنانەت بێ بوونی دەرکی دەرەکیش لە توانای دایە جوانی بەرهەمە بهێنێت و هەست بە جوانی بکات بۆیە خەیاڵ کاریگەری هەیە بە ڕای سارتەر لە دەرککردن لە تێگەیشتنی بەرهەمە هونەرییەکاندا، کە ئەمەش وا دەکات کە "ئەو دەقانەی کە ئەو نووسیویەتی لە لە ژێر کاریگەری ئەو دا  نووسراون ڕەتی (شوێن و کات) بکەنەوە  و هەست بە بێزاری بێدەنگی گەردوون بکرێت تیایاندا" (الحافظ، منیر، 2003، ل:35)

لە فەلسەفەی هایدگەر ( Martin Heidegger) دا شیکردنەوە بۆ دیاردەی هونەری کراوە لە ڕێگای شیکردنەوەی خودی کاری هونەری بەو پێیەی کە " ئاشکرا کرادنی چیەتی (هونەر) بە گەڕان بۆ (کاری هونەری) کە سەربەخۆ لە واقعدا بوونی هەیە، وەک ئەوەی ئەرکی جوانناس بریتییە لە ئاراستەکردنی پرسیار بۆ (کاری هونەری) بو هەڵوەستەکردن لەسە ڕاستی بوونی یا سروشتە تایبەتەکەی" (إبراهيم، زكريا. 1988، ل:٢٢٠)بۆیە کاری هونەری وەک دیاردەیەک سەیر دەکرێت جیا لە کەسایەتی هونەرمەند، لەو سۆنگەیەی کە کاری هونەری وەک دیاردەیەک بوونی هەیە بۆیە دەکرێت لێکدانەوە و خوێندنەوەی فەلسەفی بۆ خودی کارە هونەرییەکە بکرێت نەوەک بارودۆخی ئەنجامدانی کارە هونەرییەکە، کە کاریگەری کارە هونەرییەکە شیبکرێتەوە لەگەڵ ئەو هەستە ئیستاتیکییە کە دروستی دەکات، هەر بەو ئاراستەیە ئەو فەیلەسووفە پێی وایە کە "دیدمان بۆ کارێکی هونەری ئەو کاتە ڕاست دەبێت کە بە دیدی چێژوەرگرێکی ئیستاتیکی بێت کە هەست بە ئەزموونی جوانی دەکات و لە ناخیدا ئەزموونی دەکات. بەڵام بەو شێوەیەش ناکرێت کارە هونەرییەکە دابماڵرێت لە بوونی وەک (کەرەستە)...هەرچەندە زۆرێک ئەمە ڕەتدەکەنەوە بەو پێیەی پێیان وایە کە کاری هونەری کەرەستەیەکە لە جۆرێکی تایبەت...بەو پێیەی کە کاری هونەری بە زمانێک قسە دەکات کە هەمووان لێی تێدەگەن جیا لەوەی کە لە ڕووکەشەکەیدایە، وەک ئەوەی لێکچوو بێت یا سومبول یا نواندن " إبراهيم، زكريا. 1988، ل:٢٢١) بۆیە لەم دیدەوە توێژەر وا خوێندنەوە بۆ ئەو وتەیە دەکات کە کاری هونەری ئەگەرچی لایەنە بەرجەستەکراوەکەی وەک کەرەستەیەک دەکرێت لە ڕێگەی هەستەوەرەکانەوە بەرجەستە بکرێت ، بەڵام پرۆسەی دەرککردن بە کاری هونەری و بەخشینی مانا کارە هونەرییەکە تەواو دەکات، بۆیە کەرەستە بەکارهێنراوەکان لە نێو کاری هونەریدا ماناییکیان پێ دەبەخشرێت کە هاوشێوەی یا هەستەکەی یا مانا زمانەوانییەکەی تەواوی دەکات، هەر لەم دیدەوە زمانەوانی هونەر سەرچاوە دەگرێت کە "کاری هونەری بەرهەمێکی دروستکراوە، بەڵام شتێک دەڵێت کە جیاوازە لە خودی شتە ئەبستراکتەکە، (بە شێوەیەکی ئاشکرا لە نێو کۆمەڵگا بە ئاشکرا تێدەگەین). کاری هونەری بە شتێکی ئاشکرا دەناسرێت، ئاماژەیە بۆ شتێکیتر، بەرهەمی هونەری کارێکی مێتافۆریکی(مجازي)ـیە. لەگەڵ کارە دەستکردەکە شتێکیتر هەیە کە سومبولە" (هايدغر، مارتن، 2003، ل:٦٢) بەو پێیە کە بابەت لە نێو کاری هونەری، یاخود پەیام، یا ئەو ،مانایەی کە کارە هونەریەکە دەیبەخشێت، یا ئەو هەستەی کە لە کاریگەرییەکەیەوە دروست دەبێت، بەها بە کەرەستە بەکارهێنراوەکە دەدات، بۆیە ئەگەر لە نێو سروشت یا لە نێو ژیانی مرۆڤەکاندا ئەگەر هەر کەرەستەیەک بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەکارهێندرا، ئەوا لە کاری هونەریدا ماناییکی دیکەیان دەبێت کە گوزارشتە لە هەستی ناوەوەی مرۆڤ و لە نێو ئەم دیاردەیەدا دەکرێت هەمان ئەو کەرەستانەی کە مرۆڤ بەریان دەکەوێت لە کاری هونەریدا دەربڕینێک بن لە هەستی ناوەوەی مرۆڤەکاندا.

کاسیێرر ( Ernst Cassirer)پێداچوونەوە بە گشت ئەو دیاردە و هزرانە دەکات کە لە مێژووی فەلسەفەی هونەر وەک لێکدانەوە بۆ هونەر ئەنجام دراون، ئەو پێی وایە کە ناکرێت لێکدانەوەیەکی سروشتی یا ڕۆحی یا هەستی یا ئەقڵی بۆ هونەر لێکدانەوەیەکی تەواو دروست بێت ئەگەر لایەنە سومبولیەکەی هونەر فەرامۆش بکرێت بۆیە لەم بارەیەوە دەڵێت "هەر کاتێک مرۆڤ لە جیهانی ماتریاڵی چووە دەرەوە ئەوە لە ژیانێکی سومبولیدا دەژیێت، زمان و ئەفسانە و هونەر و ئایین بەشێکن لەو جیهانە سومبولییە، ئەم داوە جیاوازانە تۆڕێکی سومبولییان لێ دەچنرێت کە پێکهاتە ئاڵۆزەکەی ئەزموونی مرۆڤایەتی لەخۆدەگرێت" (كاسيرر، ارنيست. 1961 ل:٦٧) کەواتا هونەر لە لای کاسیرر دیاردەیەکە لە دیاردە ئەنترۆپۆلۆژییەکان، هاوتایە لەگەڵ ئەفسانە و ئایین و زمان کە پێکەوە مێژووی مرۆڤایەتی بنیات دەنێن و ئەو دەرکەی کە هەیەتی بۆ ژیان دروستی دەکەن، ئەو سومبولانە کۆمەڵێک ئاماژە و نیشانە نین بۆ گوزارشتکردن لە هەندێک مانا، بەڵکو تۆڕێکی ئاڵۆزن لە شێوە و وێنە کە گوزارشت لە هەستی مرۆڤ و ویست و هەڵچوون و هیوا و ئامانج و بیر و ڕا و هەستەکانی دەکەن بەو پێیەی کە "ڕەچەڵەکی مرۆڤ فراوانترە لە بازنە ئەقڵی پەتی، پێگەی هونەریش لە نێو شارستانی مرۆییدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زمانێکە لە زمانە سومبولییە زۆرەکان کە مرۆڤ دروستی کردووە بۆ تێگەیشتن لە جیهان" (إبراهيم، زكريا. 1988، ل:٢٣٥) بۆیە بە بەراورد بە بۆچوونی کانت ئەقڵی ڕووت یاخود ئەقڵی پراکتیک ناتوانن پەی بە پێگەی هونەر ببەن بەڵکو هەستکردنی ئیستاتیکی هەڵقووڵاوی زمانەوانییێکی چڕ بە مەبەستی تێگەیشتن لە جیهان و ژیان کە وا دەکات کاری هونەرمەند جیا بێت لە زانایێک، لە کاتێک دا هەردوو هەوڵەکە بە مەبەستی تێگەیشتنن بۆ ژیان، بەڵام پێوانەی زانستی ئەستەمە کە هونەری تیادا بپێورێت بەڵکو وەسفکردنی دیاردە هونەرییەکان و چێژبینین لێیان وا دەکات کە پێگە ڕاستەقینەکەی هونەر بزاندرێت هەر بۆیە لای ئەو "هونەر ڕاڤەکردن(تأويل)ـی واقعە، ڕاڤەکردنێک کە پشت بە مەزەندەکردن دەبەستێت نەک وێناکردن، لە ڕێگەی هەندێک شێوەی بەرجەستەکراو، نەک لە ڕێگای هزر" (إبراهيم، زكريا. 1988، ل: ٢٤١)هەر بۆیە توێژەر وا لێکدانەوە بۆ ئەو ڕایەی دەکات کە هونەر بریتییە لە دید و دەرککردنی هونەرمەند بۆ ژیان لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی بەو کەرەستانەی کە لەبەردەستی دان، کە مەرج نییە لێکدانەوەی لۆژیکی لە کارە هونەرییەکە پەیڕەو بکرێت،

بەڵکو دەکرێت کە ڕووداوێکی واقعی یا مێژوویی یا دەروونی وا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت لە کاری هونەریدا لە چوارچێوەی ڕاڤە و تێگەیشتنی هونەرمەند بۆ ئەو واقعەی کە سەردەمەکەی یا ژیانە کۆمەڵایەتییەکەی دەیخوازێت، لە کاتێکدا کە "شاعیری شانۆیی توانای بەسەر هەستەکانیدا هەیە نەوەک یەخسیری بێت ئەو دەتوانێت ئەو توانایەی بگوازێتەوە بۆ بینەر، بۆیە لە گێڕانەوەکانیدا بەدوای هەستەکانمان ناکەوین، بەو پێیەی ئازادی ئیستاتیکی هەستەکانی نەناسراو نین... بەڵکو هەستەکانمان لەوکاتە دەگاتە بەرزترین ئاست لە بەهێزی، کە لە ڕێگای بەهێزییەکەیەوە وێناکەی دەگۆڕدرێت، بۆیە لەو کاتەدا لە ڕاستی کاتیدا ناژین بەڵکو لە جیهانێک پڕ لە وێنەی هەستی پاک" (کاسیرر، ارنیست. 1961، ل:٢٥٨) بۆیە شانۆکار هەستەکان شی دەکاتەوە و دووبارە ڕێکخستنەوە بۆ هەستەکانی دەکات بە مەبەستی دروستکردنی کارە هونەرییەکەی، کە ئەمەش تایبەتمەندی دەدات بە مامەڵەکردن لەگەڵ هەستەکان لەو گوزارشکردنەی کە هەر مرۆڤێکی هەستناسکتر لە دەرەوەی کاری هونەریدا هەستەکانی دەردەبڕێت، بەو پێیەی کە مرۆڤێک دەربڕینەکەی تەنها بە مەبەستی گوزارشتکردنە لە خودی خۆی لە کاتێکدا هونەرمەند هەوڵدەدات لە ڕێگەی باڵادەستی بەسەر هەستەکانی دەرکێکی جیاواز بۆ جیهان و واقع پێشکەش بکات لە کارە هونەرییەکەی دا.

سوزان لانگەر(Susanne Langer) یەکێکە لەو بیرمەندە سەردەمیانەی کە ئیستاتیکا بە دەرککردنێکی سومبولی دەبەستێتەوە، ئەو بەم شێوەیە هونەر پێناسە دەکات کە بریتییە لە "پرۆسەیەکی داهێنەرانە بۆ ئەو شێوانەی کە لە ڕێگای هەستەوە دەرکیان پێ دەکرێت، لە هەمان کاتدا گوزارشتن لە هەستی مرۆیی" (إبراهيم، زكريا. 1988، ل:٢٦٢) بۆیە ئەم پێناسەیەی شێوە و فۆڕمی هونەری بە بونیاد و دەرکێکی هەستی دەبەستێتەوە، بەڵام هەستەکانی مرۆڤ و گوزارشت کردن لێیان پەیوەست نییە بە فۆڕمە ئاشکراکە بە قەد ئەوەی گوزارشتە لە درکێکی قووڵتر بۆ ژیان و سروشت بەو پێیەی کە "ئەگەر بزانین کە مرۆڤ بوون و ژیانی بە پلای یەکەم و بەتایبەت لە جیهانێکی سومبولییە، هەروەها ئەگەر زانیمان کە سومبول تەنها پەیوەست نییە بە بیرکردنەوەی زمانەوانی،...، دەتوانین دەرک بەوە بکەین کە پرۆسەی سومبوڵیزم کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات دیاردەی جۆراوجۆر لە چالاکی مرۆیی لەخۆدەگرێت وەک هونەر، خەون، ئەفسانە، داستان، سرووتە ئاینییەکان، میتافیزیکا، و چەندین بواریتر" (إبراهيم، زكريا. 1988، ل:٢٤١)بەو پێیە بێت جیهانی هونەر جیهانێکی سومبولیە و ئەو فۆڕمانەی کە لە نێو هونەردا خۆیان دەبیننەوە بریتین لە چەند سومبولێک کە گوزارشت لە هەست و ناخی قووڵی مرۆڤەکان دەکەن وە چالاکییە ئەنترۆپۆلۆژییەکان لە لای ئەوەوە دەبسترێتەوە بەو دیدە سومبولیەی کە مرۆڤ بۆ ژیان هەیەتی کە هونەریش وەک بەشێک لەو چالاکیانە سەیر دەکرێت کە تیایدا لانگەر جیاوازی نێوان هونەرەکان و تایبەتمەندی هەر هونەرێک بە جیا باس دەکات و سەبارەت بە "هونەری درامی خاوەن بونیادێکی تایبەت بە خۆیەتی کە ئەمەش لە هونەری وێنەکێشان جیای دەکاتەوە و زیاتر لە ئەدەب نزیکی دەکاتەوە ، بە شێوەیەک کە ڕێگایەکی تایبەتی هەیە لە دروستکردنی شێوەیەک کە لە مێژوو بچێت (Langer SK. 1953, لا ٣٠٦)توێژەر پێی وایە کە ئەم خوێندنەوەیە وا لێکدانەوەی بۆ دەکرێت کە هونەرە درامییەکان لە فۆڕمدا جۆرێک لە داڕشتنیان تیایدا بەدی دەکرێت کە لە مێژوو نزیکیان دەکاتەوە، بەڵام بە ناوەڕۆکێکی جیاواز، بەو پێیەی بونیادی درامی بونیادێکە کە پەیوەستە بە ناوەڕۆکی بەرهەمە هونەرییەکە بەو پێیەی ئەگەرچی ڕووداوێکی مێژوویشی تیایدا گەنگەشە بکرێت ئەوا ڕەگەزە درامییەکانی دووردەکەونەوە لە گێڕانەوە مێژووییەکە و خوێندنەوەیەک دەبێت کە تەنها فۆڕمە مێژووییەکەی لەخۆگرتووە، ئەگەر ڕووداوەکە مێژوویش نەبێت ئەوا دیاریکردنی شوێن و کات و بابەت بە شێوەیەک گێڕانەوەیان بۆ دەکرێت وەک ئەوەی لە مێژوو دا ڕوویاندابێت یا ئەگەری ڕوودانیان هەبێت کە ئەمەش جیاوازی لە نێوان فۆڕم و ناوەڕۆکی هونەری درامی بەدەر دەخات، و وەک تایبەتمەندیێکی ئەم هونەرە سەیر دەکرێت، کە لەم هونەرەدا تەنها بە بینین دەرک بە بابەتەکە ناکرێت ئەگەرچی ئەم فەیلەسووفە پێی وایە کە "هەموو بیرکردنەوەیەک بە بینین دەست پێ دەکات؛ مەرج نییە کە بینینەکە لە ڕێگای چاو بێت، بەڵکو لە ڕێگەی هەندێک شێوەی بنچینەیی بۆ دەرککردنی هەستی، بە شێوەیەک کە دەکرێت بینینەکە لە ڕێگای چاو، گوێگرتن، دەست لێدان یا گشت هەستەوەرەکان بێت پێکەوە، بەو پێیەی کە گشت بیرکردنەوەیەک دیدێکە لە ڕێگای هەستەکانەوە" ( Langer SK. ١٩٥٣، لا٢١٦) بۆیە لە کارێکی شانۆیی دا لە جیاتی چاو هەستەوەرەکانی تر دەرکێکی گشتگیر و قووڵ بۆ بنەما هونەرییەکە فەراهەم دەکەن کە تیایدا دەکرێت پارچە موزیکێک یا وشەیەک یا بۆنێک کاریگەری بەسەر فەزای گشتی نمایشەکە هەبێت و وا بکات بە شێوەیەکی سومبولیانە دەرکێک بە فۆڕمێک بن کە نزیک بێت لە دووبارە زیندوو کردنەوەی مێژوو لە نێو کارە درامییەکاندا.

### 2-2 دەرئەنجامەکانی چوارچێوەی تیۆری:

1. پێش دروستبوونی فەلسەفە پشت بە ئەفسانە بەستراوە.

2. سوکرات: وروژاندنی پرسیار دەربارەی ژیان و بە فەلسەفە کردنی ژیان، هونەر پێویستە لە خزمەت بەها باڵاکاندا بێت.

3. ئەفلاتون: هەست و سۆز وا دەکات مرۆڤ لاواز بێت بۆیە هونەر بایەخێکی ئەوتۆی نییە.

4. ئەرستۆ: هونەر بریتییە لە گێڕانەوە.

5. جان جاک ڕۆسۆ: هونەر بریتییە لە بەکارهێنانی هەست و دوورکەوتنەوە لە لۆژیک.

6. بۆمگارتن: باسکردنی هەست و سۆز بریتییە لە ئیستاتیک.

7. کانت : چێژی جیهانی (ترانسێندتاڵی) پێویستە لە هونەر دا بەدی بکرێت.

8. هیگڵ: پەیوەندی بە ڕۆحانیەت وا دەکات کاری هونەری بایەخی هەبێت.

9. شۆپنهاوەر: بیرۆکە زیندوو و نەمرەکان لە کارە هونەرییەکاندا بەرجەستە دەکرێن.

10. برێگسۆن: هونەر چاوێکی میتافیزیکییە بۆ چوونە نێو چینە جیاوازەکانی واقع.

11. دیوی: ئەزموونی تاکەکان بەشێکە لە ئەزموونی کۆمەڵگا، کە ئەمە بە تەواوی لە کارە هونەرییەکاندا ڕەنگدەداتەوە.

12. کامۆ: هونەر ئاوێنەیەکە کە مرۆڤ خۆی تیایدا دەبینێتەوە لە ڕێگەی ئازادی و یاخی بوون و توانای داهێنان.

13. سارتەر: هەر بەرهەمێکی هونەری بریتییە لە دروست کردنی جیهانێکیتر.

14. هایدگەر: هەر کەرەستەیەک کە لە نێو کاری هونەری دا بەکارهێندرا، ئەوا مانایێکی تەواو جیاوازی هەیە لە بەکارهێنانی ئەو کەرەستەیە لە ژیانی ڕۆژانە دا

15. کاسیێر و سۆزان لانگەر: هونەر سومبولێکە بۆ درککردنی ژیانی ڕۆژانە.

### ٣-ڕێکارەکانی توێژینەوەکە:

### ٣-١ کۆمەڵگای توێژینەوە و نموونەکەی:

کۆمەڵگای توێژینەوە بە شێوەیەکی مەبەستدار هەڵبژێردراوە بە جۆرێک کە لەگەڵ ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بگونجێت، کە بریتیە لە نمایشی شانۆیی (چیرۆکە بەردەوامەکە) نووسین و دەرهێنانی مامۆستا (احمد سالار)ـە کە لە ساڵی (٢٠١١ ) لە هەولێر لە هۆڵی ( میدیا) پێشکەش کراوە، لە یەکەمین ڤیستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ شانۆ وەک تاکە بەرهەمی کوردی بەشداربووە، کاتی نمایشەکە (٥٧) خولەکە.

نمایشەکە دوو چیرۆکی جیاواز لەخۆدەگرێت کە یەکەمیان باس لە قوتابیێکی دکتۆرا دەکات کە بە دوای وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرنەگرتنی شۆڕشەکانی کورد دا دەگرێت، چیرۆکی دووەم لەگەڵ چیرۆکێکی کەلەپووری کوردی تێهەڵکێش کراوە، کە چیرۆکی (شا بزن)ـە قوتابیەکە هەوڵدەدات کە وەڵامی پرسیارەکە بە چیرۆکەکە ببەستێتەوە ، بۆیە پانتایی گشتی نمایشەکە جیهانێکی دروست کردووە کە تێکەڵەیەکە لە باسکردنی ئێستا و ڕابردوو و داهاتوو، لە نێوان فۆلکلۆر و مۆدێرنیزم، خەیاڵ و واقع، کە بە شێوازی شانۆی ئاهەنگسازی کار لە نێو نمایشەکە دا کراوە.

چیرۆکی یەکەم لە سێ ئەکتەری سەرەکی پێکدێت، کە بریتین لە (گەنجۆ) کە قوتابی دکتۆرایە، (خەرمان) کە خێزانی گەنجۆ و پاڵپشت و هاوکاریەتی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی و زۆر جار لە گفتوگۆکاندا بەشدار دەبێت ، هەروەها کاراکتەری دکتۆری سەرپەرشتیار کە ڕابەرایەتی قوتابییەکە دەکات بۆ نووسینی تێزی دکتۆراکەی و ڕێنوێنی دەکات و وەک چاودێر بەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کاروباری قوتابییەکە دەردەکەوێت.

هەرچی کەسایەتییە سەرەکییەکانی چیرۆکی دووەمە، کە لە ڕێگەی بووکەڵەوە نمایش بۆ کارەکتەرەکانیان دەکەن بریتین لە (شابزن) و (شێر) و (ورچ) و (سەگ) و (گوێدرێژ) سەرەڕای کەسایەتی حەکایەتخوان کە زۆر جار دێتە سەر تەختە و چیرۆکەکە بە شێوەی گێرانەوە یا گۆرانی یا وەک لاوک و حەیران دەگێڕێتەوە.

**٢-٣ میتۆدی توێژینەوە:** بە میتۆدی (شیکاری-وەسفی) شیکردنەوە بۆ نموونەی ئەم توێژینەوەیە کراوە.

**٣-٣ ئامرازەکانی توێژینەوە:**

1. تێبینی کردن.
2. دەرئەنجامەکانی چوارچێوەی تیۆری.

**٤-٣ شیکردنەوەی نموونەی توێژینەوەکە:**

سەرەتای نمایشەکە بە شێوازێکی ئاهەنگسازی دەست پێ دەکات، کە تیایدا ئەکتەرەکان بە دروستکردنی شێوە و فۆرمی جیاواز بە هەڵپەرکێی و مۆسیقای کەلتوری کوردی و بەستنی جەمەدانی دێنە سەر تەختەی شانۆ. دواتر وەک شێوازی کەلتووری گێڕانەوەی چیرۆک ئەکتەری سەرەکی (قوتابی دکتۆرا کە ناوی گەنجۆیە) دەست بە دیالۆگ دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە :

(منیش وا هاتوومەتە خزمەتتان

نەختێ نقوڵ و نەباتم بۆ هێنابوون

بەڵام کە ویستم لە ڕووباری کانی چەپان بپەڕمەوە

هەمووم لێ ڕژایە ناو ڕووبار و بە دەم شەپۆلی ئاوەوە چوو.) (احمد سالار، چیرۆکە بەردەوامەکە، نمایشی شانۆیی)

دواتر کچێک لە ناو ئەکتەرەکان دەردەکەوێت خێزانی قوتابی دکتۆراکەیە بە ناوی (خەرمان) بە هەمان شێواز ئەم دیالۆگە دەڵێتەوە:

ئینجا گەنجۆ: هەبوو نەبوو...کەس لە خودا گەرەتر نەبوو، کەس لە پیغەمبەر ئازیزتر و لەم حیکایەتە شیرینتر نەبوو، گەلی برادەران یاران یاوەران شەدەلار شۆڕەسوار..."احمد سالار، چیرۆکە بەردەوامەکە، نمایشی شانۆیی"

لە ڕوووی ئیستاتیکیەوە ئەگەر لێکدانەوە بۆ ئەم دیمەنە بکرێت، ئەوا دوو خاڵی تێدا بەدی دەکرێت، کە یەکەمیان پشت بەستن بە فۆرمی چیرۆکی کەلتووری کوردی، بە شێوەیەک کە وا باوە لە نێو گێڕانەوە کوردییەکان دا کە بە زاراوەی هەبوو نەبوو هەر چیرۆکێک دەست پێ بکات، دووەمیان شێوازی گێڕانەوەیە، ئەم گێڕانەوەیە لە دیوێک هەمان دیدی ئەرستۆیە بۆ هونەری درامی کە پێیَ وایە هونەری درامی بریتییە لە گێڕانەوە، بەڵام لای ئەو سەرچاوەکە ئەفسانەکانی یۆنانی بوون، کەچی لەم نموونەیەدا گێڕانەوەکە بۆ چیرۆکی (شابزن)ـە کە چیرۆکێکی کەلتووری کوردییە و زیاتر بۆ منداڵان باس دەکرێت، بەڵام لە نمایشەکە دا تێهەڵکێشی جیهانێکی دیکە کراوە بە مەبەستی بەخشینی ڕەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ چیرۆکەکە.

دوای ئەم دیمەنە، (خەرمان) پرسیار لە قوتابی دکتۆراکە( گەنجۆ) دەکات و دەڵێت (تۆ نامەکەت لەسەر هۆکاری شۆڕشەکانی کوردە بەڵام تۆ خەریکی گێڕانەوەی حیکایەتی) قوتابی دکتۆرایەکە ئەوەی بۆ ڕوون دەکاتەوە  کە (داستانە کوردییەکان بابەتەکەی ڕێک لە نێو ئەم چیرۆکە دایە) "احمد سالار، چیرۆکە بەردەوامەکە، نمایشی شانۆیی" لێرە دا هەوڵ دراوە کە چیرۆکی کەلەپووری بە مێژوو و ئێستا وپێشبینییەکانی داهاتووی شۆڕشە کوردییەکان ببەسترێتەوە. هەر لەم دیمەنە دا کاتێک باسی شابزن دەکرێت، (خەرمان) بە تەنزەوە پێی دەڵێت کە (لە ڕێگەی چیرۆکی بزنەوە دەیەوێت خۆی وەک غاندی پیشان بدا) لە وەڵامدا (گەنجۆ) پێی وایە کە (خۆزگە ئەیتوانی وەک ئەو بێت بەو پێیەی ئەو توانیویەتی کە شکست بە داگیرکاری ئینگلیز بێنێت لە ڕێگای سوود وەرگرتن لە کەرەستەی دروستکراوی ناوخۆیی) لەم دیمەنەدا ئەوە دەردەکەوێت کە ئەگەرچی چیرۆکەکە تەواو لۆکاڵییە، بەڵام هەر لە سەرەتاکانی نمایشەکە بەرهەمە هونەرییەکە ئەوە دەردەخات کە لە نێو ئەم نمایشە دا درکی ئیستاتیکی هونەرمەند ڕەهەندی جیهانیبوون (ترانسێنتاڵی) دەبەخشێتە ئەو چیرۆکە، چیرۆکێکی کەلتووری بڵاو لە نێو کۆمەڵگای کوردی کە بۆ منداڵان باس دەکرێت، دەبێت چ پەیوەندییەکی هەبێت بە غاندی و شۆڕشەکانی کورد؟ ئەم پەیوەندییە لە دیوێکی هەستی گوێگری کورد بۆ خۆی ڕادەکێشێت بەو پێیەی کە پەیوەندی بە گێڕانەوەی چیرۆکی منداڵانەوە هەیە، لە دیوێکی دیکەوە هەوڵدراوە کە بە شێوەیەکی ئەقڵانی هۆشمەندانە خوێندنەوە بۆ واقعی سیاسی و کۆمەڵایەتی بکرێت. کە ئەم دەرکە ئیستاتیکییە لە بەستنەوەی دیاردە لۆکاڵی و جیهانییەکان لە لای ئیمانوێل کانت بە دوو چەمکی ترانسێنتاڵی و ترانسێدێنت دەناسێندرێت.( احمد سالار، چیرۆکە بەردەوامەکە، نمایشی شانۆیی)

دواتر ئەوە دەبینرێت کە قوتابی و سەرپەرشتیارەکەی (دکتۆر) گەنگەشەی پرۆژەکەی قوتابیەکە دەکەن ، ئەو دیمەنە و دیمەنی پێشتریش هەردووکیان تێبینی ئەوە دەکرێت کە پرسیار دەوروژێنن، چەند پرسیارێک دەربارەی پەیوەندی سیاسەت بە کەلتوور، پەیوەندی چیرۆکێکی منداڵان و ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانی سیاسی، لە ئەنجامی گفتوگۆیان ئەوە دەردەکەوێت کە سەرپەرشتیار نایەوێت ڕێگری لە کاری قوتابییەکە بکات و ڕایبگرێت بەڵام داوای لێ دەکات کە بە وریاییەوە ئەو پەیوەندییە لە نێوان چیرۆکە فۆلکلۆرییەکە و شۆڕشەکانی کورد دروست بکات ، بەو پێیەی کە چیرۆکەکە چیرۆکێکی ئەفسانەییە لە کاتێکدا توێژینەوە بابەتێکی تەواو زانستییە، بۆیە دوو جیهانی لە یەک دوورن. لە نێو نمایشەکە ئەوە دەردەکەوێت کە قوتابی توێژەر لە نێو کارە هونەرییەکەدا بە دیدێکی جیاواز هونەریەکەوەیە لە کۆمەڵگا و مێژوو دەڕوانێت. لەم دیمەنەدا نمایشەکە زیاتر لەو دەرکە ئێستاتیکییە ئەفلاتوونییە نزیک دەبێتەوە، کە لە ڕێگای پرسیارکردنەوەوە بگەین بە ڕاستییەکان، پرسیار بوروژێنرێت نەک پشت ببەسترێت بە وەڵامە چەقبەستووەکان، هەر ئەمە وا دەکات کە لەم بەرهەمە هونەرییەدا دوو جیهانی تەواو لە یەک جیاواز لە ڕێگای پرسیارکردنەوە بە یەک دەبەسترێنەوە. سەرەڕای ئەمەش ئەوە بەدی دەکرێت کە کارەکە دەرککردنێکی گشتگیر و هەمەچەشنە لەخۆ دەگرێت، نەک گێڕانەوەیەکی سادە بۆ چیرۆکێک، یا باسکردنی مێژوویی شۆڕشەکانی کورد، هەروەک چۆن لە ئێستاتیکای برێگسۆن کە پێی وایە هونەر چاوێکی میتافیزیکییە.

کاتێک فەزای شانۆییەکە دەچێتە فەزای شانۆی بووکەڵە،هەر بووکەڵەیەک گوزارشت لە ئاژەڵێک دەکات، جارجارەش ئەکتەرەکان دەگەڕێنەوە ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان، لە دیمەنی بووکەڵەکان دا دیمەنەکان بە شێوەیەکی زۆر سومبولی و ئاماژەدارن، بەڵام چیرۆکی قوتابی و دکتۆرەکە زیاتر خۆی لە گێڕانەوەیەکی واقیعی دا دەبینێتەوە. (احمد سالار، چیرۆکە بەردەوامەکە، نمایشی شانۆیی)

گۆڕینەوە بۆ فەزای چیرۆکی (شابزن) بە گێرانەوەی حەکایەتخوان دەست پێ دەکات کە باس لە (بزنێک دەکات کە هەر کاتێک کە ئەزا دوو کارژۆڵەی هەبوو بەڵام کاتێک کارژۆڵەکان تۆزێ گەورە ئەبوون گورگ دەیخواردن، بۆیە کاتێک بزن ئەگەڕایەوە ئەیبینی کە کارژۆڵەکانی نەماون، بۆیە هاواری دەبرد بۆ ئاژەڵانی دارستان لەوێوە ئیتر گورگ و کەمتیار و ورچ و گوێدرێژ لە دیوانی شێر کۆدەبوونەوە بۆ ئەوەی کێشەکەی چارەسەر بکەن).

لە چیرۆکی بزنەکەدا، بینەر دەچێتە نێو جیهانێکی دروستکراو بە فانتازیایێەک تەواو ئازاد بۆ دووبارە پێداچوونەوە بە مێژوو و کەلتووری کوردی کە زیاتر نزیکە لە ئێستاتیکای سوریالی، بەو پێیەی ئەگەر چی بینای درامی چیرۆکە کەلتوریەکەی شابزن نەگۆڕدراوە لە ڕووی فۆڕمی گێڕانەوە، بەڵام لە نێو دیمەنەکان هەمیشە پچڕان هەیە، پچڕانێک بۆ وەستان و گەنگەشە کردنی ڕووداوەکانی چیرۆکەکە لە لایەک و بەستنەوەی بە واقعی سیاسی لە لایەکی ترەوە. سومبولەکان و گشت ئاماژە زمانەوانییەکان جەخت لەسەر ئەو دەرکە دەکەنەوە کە بزنەکە گوزارشت لە گەلێکی ستەملێکراو دەکات، کارژۆڵەکان گوزارشت لە ماندووبوون و بەرهەمی ئەو گەلە دەکەن یاخود هەندێک جار لە نەوەکانی نیشتیمان، گورگ گشت ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەرهەمی گەلە ستەملێکراوەکە بە با دەبەن ، ئەنجومەنیش کە زۆربەیان گۆشت خۆرن گوزارشتن لە دوژمنانی بزنەکە کە خۆیان وەک دۆست دەنوێنن، هەربۆیە ئەو دەرککردنە سومبولییە ئێستاتیکییەکەی کە لەم نمایشە دا بەکارهێندراوە، لە لایەک هونەر وەک سومبول گوزارشتی لێ کراوە، لە دیوێکیتردا دوورکەوتنەوەیە لە لۆژیک و تێهەڵکێشکردنی بە جیهانێکی سوریالی، بۆیە ئەو ڕەهەندە ئێستاتیکییەی کە لەم نمایشە بە ڕوونی دەرکی پێ دەکرێت کە کارە هونەرییەکە لە گۆشەنیگایەکی جیاواز لێکدانەوە بۆ چیرۆکی شابزن دەکات.

دوای ئەو دیمەنە قوتابییەکە چیرۆکەکە دەبڕێت بۆ ئەوەی قوتابی دکتۆرایەکە ئەو پرسیارە ئاراستەی ئاژەڵەکان بکات بۆ ئەوە بە کۆی دەنگ وەڵامێک بۆ پرسیارەکەی بدۆزنەوە کە (بۆچی ئەنجومەن بە چپە لەگەڵ یەک قسە دەکەن و قبوڵ ناکەن بزن گوێی لە قسەکانیان بێت؟) (احمد سالار، چیرۆکە بەردەوامەکە، نمایشی شانۆیی) کارە هونەرییەکە بینەر دەخاتە ئەو گۆشەنیگایە کە دەرکی جیاواز بۆ ئەو شتە بکات کە لە نێو نمایشەکە دا دەیبینێت، دەیگەڕێنێتەوە بۆ دووبارە بیرکردنەوە دەربارەی مانای چیرۆکی شابزن ، بەڵام نمایشەکە بە دەرککردنێکی جیاواز و لە گۆشەنیگای جیاواز، وا لە بینەر دەکات کە پرسیار دەربارەی کەلتووری میللی منداڵی خۆی بکات. هەر لە نێو ئەم دیمەنانەدا بە بەردەوامی پرسیار لە لایەن قوتابی دکتۆراکە دەوروژێندرێت، بۆ ئەو کەسانەی کە بە شێوەی بووکەڵە گوزارشت لە ئاژەڵەکان دەکەن، ئەوە دەردەکەوێت کە دکتۆری سەرپەرشتیار قوتابیەکە دەخاتە ژێر ئەو پرسیارەی کە ئایا پەیوەندی نێوان ئەم چیرۆکی منداڵانە و مێژووی سیاسی کورد چییە؟(احمد سالار، چیرۆکە بەردەوامەکە، نمایشی شانۆیی) کە لێرە دا هەمان ئەو پرسیارەیە کە بینەری ئەم نمایشە دەیکات. پرسیار کردن دەربارەی ئەوەی کە کامەیان ڕاسترە، ئەو دەرککردنەی

کە وەک منداڵێک بۆ چیرۆکی شابزن هەیە، یاخود دەرککردنە ئێستاتیکییەکە کە دەکرێت چیرۆکی شابزن زیاترمان پێ بڵێت ئەگەر بە دیدێکی هونەرییەوە سەیربکرێت.

لە دیمەنی دواتر هەموو ئاژەڵەکان کۆدەبنەوە، بزن ئەوە دەبینێت کە ئاژەڵەکان زۆربەیان گۆشتخۆرن، بۆیە پێشنیازی ئەوە بۆ شێری سەرۆکی کۆبوونەوەکە دەکات کە ئەو ئاژەڵانەی بڕیار لەسەر چارەنووسی دەدەن گۆشتخۆر نەبن، بەڵام شێر پێشنیازەکەی قبووڵ ناکا بۆ ئەوەی زیاتر بەدواداچوون بکەن و بزانن کێشەکە بە کوێ دەگات. دواتر بە گۆرانییێک دووبارە ئەوە دەردەکەوێت کە کۆبوونەوەکە بڕیاری نەبوو، بۆیە دوای تێپەڕینی ڕۆژگار دووبارە بزنەکە دوو کارژۆڵەی دەبێت، ئەگەرچی گورگ لە دەوری ماڵەکەی دەسووڕێتەوە بەڵام هیچ بەڵگەیەک نەبوو کە گورگ کارژۆڵەکانی دەخوات، بۆیە بڕیار دەدات لانەکەی توند و تۆڵ بکات بۆ ئەوەی کارژۆڵەکانی بپارێزێت، کارژۆڵەکانیشی لە مەترسیەکە ئاگادار دەکاتەوە کە دەرگا نەکەنەوە، ئەوە دەردەکەوێت کە بزن دادوەرانی دارستانیشی ئاگادار کردۆتەوە کە ئاگایان لێی بێت.( احمد سالار، چیرۆکە بەردەوامەکە، نمایشی شانۆیی)

لەم دیمەنەدا ئەوە بەدی دەکرێت کە ئەم کارە لە ڕووی ئیستاتیکییەوە چۆتە ناو ئاستە جیاوازەکانی واقیع، وەک برێکسۆن بۆی دەچێت، لەم دیمەنە دا چەند ئاستێک بەدی دەکرێن کە یەکێکیان ئاستی دەرککردنی سیاسی کە لە ڕێگای کۆبوونەوە بێ ئەنجامەکان گوزارشتی لێ دەکرێت، چینێکی دیکەی واقیع بە دووبارەبوونەوەی هەڵەکان و سوود وەرنەگرتن لە ڕابردوو کە ئاستی کۆمەڵایەتییە، دواتر ئەو دوو کارژۆڵەیە کە گوزارشت لە هێزە ناوخۆییەکان و ڕۆڵەکانی میللەت دەکەن کە سەرەڕای دووبارە بوونەوەی کارەساتەکان بەڵام پەند وەرناگرن و دووبارە بە قسەی گورگ کە گوزارشت لە دوژمنی دەرەکی دەکات هەڵدەخەڵەتێن، بۆیە ئەگەرچی بونیادی درامی چیرۆکەکە هەر چیرۆکی منداڵانە بەڵام لەم دیمەنەدا وەک ئاوێنەیەک دەردەکەوێت کە میللەتی کورد خۆی تیایدا دەبینێتەوە، هەروەها ئەزموونێک دەگێڕێتەوە کە ئەزموونی کۆمەڵگایە. کە ئەمەش خۆی لە دەرککردنی (دیوی) و (کامۆ) بۆ ئیستاتیکا ڕەنگ دەداتەوە.

پاشان دکتۆر و قوتابیەکە دێنە سەر تەختەی شانۆ دکتۆرەکە دەڵێت کار لەسەر دوو خاڵ بکە کە بریتین لە تاک ڕەوی و کورتبینی، دوای وتنەوەی ئەم دوو چەمکە ئەکتەرەکان بە شێوازێکی ماتەمیانە دەست دەکەن بە شین و ڕۆڕۆ لە ڕێگای دەف لێدان، یەکێک لە ئەکتەرەکان لە ماتەمەکە هاوار دەکات و ئەو وتانە دووبارە دەکاتەوە (چاوکوێری، دوژمن نەناسی، هەڵەکردنەوە، خۆبەزلزانی، خۆ بەکەمزانی، ساویلکەیی، هەڵپەکردن، هەڵە دووبارەکردنەوە) "احمد سالار، چیرۆکە بەردەوامەکە، نمایشی شانۆیی" ئەم جۆرە وێنەیە دووبارەکردنەوەی هەمان هەڵەیە کە بزنەکە تێی کەتووە، هەمان ئەو هەڵانەشن کە پەیامی کارە هونەرییەکە دەیەوێت پێمان بڵێت کەوا ئەو بیرۆکە هەمیشە زیندوانەن کە هەرچی بەرهەمێک شۆڕشێکی کوردی بە ئەنجامی دەگات لە ڕێگەی ئەم خەسڵەتانەوە گشت هەوڵەکان ڕەنجبەخەسار دەبن، بۆیە ئەوانە وەک خەسڵەتێکی زیندوو و دووبارەبوو سەیر دەکرێن کە لە نێو کۆمەڵگادا کە بوونەتە هۆی شکستی گشت ئەو هەوڵانەی کە میللەتەکە هەوڵی بۆ داوە، ئەو دەرکە ئیستاتیکییەی تێدا بەدی دەکرێت کە شۆپنهاوەر بۆ هونەر هەیەتی، لەو ڕووەی کە بیرۆکە هەمیشە زیندووەکان لە یادگای کۆمەڵگا دا لە نێو کارە ئێستاتییکییەکانەوە دەرکیان پێ دەکرێت.

کاتێک دکتۆرەکە ئەنجوومەنەکە دەبینێت دەڵێت ئەنجوومەنەکە زۆربەیان گۆشتخۆرەکان و کەڵبەدارەکانن، سەرۆکەکە شێرە و دەستە ڕاست و دەستەچەپی گورگ و سەگن، بۆیە ئەگەر پشت بەو چیرۆکە ببەستێت هیچ ئەنجامی نابێت، بەڵام قوتابیەکە پرسیار لە دکتۆرەکە دەکات و دەڵێت ( تۆ دەتەوێت من هۆکاری سەرکەوتنی شۆڕشەکان باس بکەم یا هۆکاری سەرنەکەوتنیان؟) دکتۆرەکە دەڵێت (هۆکاری سەرنەکەوتنیان) بۆیە قوتابیەکە داوا دەکات کە بەردەوام بێت لەگەڵی بۆ بەدواداچوونی چیرۆکەکە. "احمد سالار، چیرۆکە بەردەوامەکە، نمایشی شانۆیی"

لەم دیمەنە، ئەوە تەواو ڕوون دەبێتەوە کە بەرهەمە هونەرییەکە پێویستی بە دەرککردنێکی ئیستایکای سومبولییە، بە جۆرێک کە گۆشتخۆرەکان سومبولن بۆ دوژمنەکانی نەتەوەی کورد، لەگەڵ ئەوەش دا کارە هونەرییەکە ئەوە دەگەیێنێت کە کورد هەمیشە چاوی لەسەر ئەوە بووە کە ئەو گۆشتخۆرانە لە ڕێگای کۆبوونەوەکانیان دا مافەکەی بۆ وەرگرنەوە.

ئاژەڵەکان دووبارە دەردەکەون، شێر بەخێرهاتنیان دەکات و بوار بە ورچ کە بڕیاردەری کۆبوونەوەکەیە دەدات بۆ ئەوەی قسە بکات وەک جێگری شێر، بەڵام ورچ چاویلکەکەی بیرچۆتەوە، بۆیە بە دوای چاویلە دەگەڕێت و یەکەم جار چاویلکەی گوێدرێژ لەچاو دەکات و دنیا هەمووی بە گیا دەبینێت، بەڵام کاتێک شێر چاویلکەکەی پێ دەدات هەموو ئەندامانی ئەنجومەن بە بەرخۆڵە دەبینێت، بۆیە ورچ بە چاویلکەکەی شێر بڕیار دەردەکات کە (کۆتایی بە کۆبەنەوەک بهێنرێت ودوادەخرێت بۆ کاتێکی تر). "احمد

سالار، چیرۆکە بەردەوامەکە، نمایشی شانۆیی" ئەم دیمەنە دووپاتکردنەوەیەکە لەسەر پەیامی ئەم بەرهەمە هونەرییە دەرخستنی دیدگا و گۆشەنیگای جیاوازە، بەو پێیەی دکتۆر و قوتابییەکە دووبارە دەردەکەون و لەگەڵیان کەسایەتی خەرمان گەنگەشەی چیرۆکەکە دەکەن، ئەو پرسیارە دەوروژێنن کە ئایا بۆچی چاویلکەی بزنەکە بەکار نەهێندراوە لە کاتێکدا کێشەکە کێشەی بزنەکەیە.

لێرەدا نمایشەکە دەبێتە جێگای بوونی دیدگای جیاواز بۆ تێڕوانین و دنیابینی، قوتابییەکە پێی وایە کە ئەگەر چاویلکەی بزن بەکار بهێندرێت ئەوا هەموویان بە گورگ خۆیان نیشان دەدەن، بۆیە دکتۆرەکە بە قوتابیەکە دەڵێت کە ناکرێت بۆ دۆزینەوەی هەقیقەت تەنها لە یەک گۆشەنیگاوە بڕوانرێتە بابەتێک، بۆیە چاویلکەی خۆی ئەدات بە قوتابییەکە بۆ ئەوەی قوتابیەکە لە چاویلکەی دکتۆرەوە سەیری دنیا بکات، بۆیە کە چاویلکەکەی دەکاتە چاوی دەڵێت گەلێک شتی تر دەبینم، بۆیە خەرمانیش چاویلکەکەی لە چاو دەکات ئەویش پێی وایە کە زۆر شت دەبینێت، کە سەیر دەکات دەڵێت ئەوە بزنەکەیە دووبارە لە ساڵێکی نوێدا هاوار و فیغانیەتی چونکە کارژۆڵەکانی خوراون، لێرە دا دیدگا جیاوازەکان بە ڕوونی دەردەکەون، بەڵام دیدگای گشتگیر دیدگای زانستییە کە چاویلکەی دکتۆر گوزارشتی لێ دەکات، ئەو بەرهەمە هونەرییە لەو دیمەنەدا ئەوە دەخاتە بەر باس کە دەکرێت چەندین دیدگای جیاواز هەبن، بەڵام دیدگای زانست فراوانترین و گشتگیرترین دیدگایە کە دەکرێت لەو ڕێگایەوە چەندین نهێنی و چەندین شت ئاشکرا بکرێت کە دەرکپێکردنیان بە ڕێگای تر ئەستەمە.

لێرە دا بەرهەمە هونەرییەکە دەیەوێت کە ئەوە پشتڕاست بکاتەوە کە ئەگەر میللەتی کورد بیەوێت سەربکەوێت ئەوا ڕێگا ڕاستەکە ئەوە نییە کە بچێت لە دیدگای دوژمنانی یاخود تەنانەت بە دیدگای خۆیشی سەیری دنیا بکات، بەڵکو لە ڕێگای چاویلکەی دکتۆر کە گوزارشت لە زانست دەکات، بۆیە ئەو پەیامە دەگەیێنێت کە بۆ ئەوەی دووبارە ئەو میللەتە نەکەوێتە نێو هەڵەوە لە ڕێگای زانست دنیا ببینێت، بۆ ئەوەی باشتر و ڕێکتر و گونجاوتر گشت ئەو شتانەی کە لە دەوریەتی دەرکی پێ بکات، ئەم پەیامەی ئەو کارە هونەرییە دەرکێکی زانستییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، دەرککردنێک کە دوورمەودابێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە بەردەوامەکان، کە هەر ئەو دەرکەش پشتڕاستکردنەوەی ڕۆڵی گرنگی کەسایەتی قوتابی دکتۆرایە کە سومبولە بۆ ڕێگای زانستی بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان.

دیمەنەکە دووبارە دەگوازرێتەوە بۆ جیهانی ئاژەڵەکان و دووبارە گورگ هاتووە تا کارژۆڵەکان بخوات، هەرچەندە کارژۆڵەکان سەرەتا دەرگای بۆ ناکەنەوە بەڵام دواتر وەک جارەکانی تر دەرگاکە دەکەنەوە و بە فێڵەکانی گورگ هەڵدەخەڵەتێنرێن و دووبارە کارژۆڵەکان لە لایەن گورگ دەخورێن، کە ئەم ڕووداوانە لە ڕێگای حەیرانەوە گوزارشتیان لێ دەکرێت. بۆیە شابزن بڕیار دەدات بچێت و خۆی تۆڵەی خۆی بکاتەوە، دەچێتە لای گورگ و داوای لێ دەکات جەنگی لەگەڵ دا بکات، بۆیە وا دایدەنێن کە بۆ ڕۆژی دواتر جەنگ لەگەڵ یەکدا بکەن، بۆیە بزن خۆی ئامادە دەکات و لەو کاتەوە دووبارە قوتابی و دکتۆرەکە گفتوگۆ دەکەن بۆ ئەوەی کە بزانن ئایا چۆن ئەم چیرۆکە بۆ شۆڕشەکانی کورد دەبەسترێتەوە ، بۆیە قوتابییەکە ئەکتەرەکان کۆدەکاتەوە بۆ ئەوەی بە وردی کەسایەتی ئاژەڵەکان بەرجەستە بکەن وەک ئەوەی کە هەیە و لە ڕێگەی چاویلکەی بزنەکە بەردەوام بن لە گێڕانەوەی چیرۆکی شابزن. بۆیە کە بزن بیر لە ڕێگەچارەیەک دەکاتەوە بۆ شەڕەکەی لەگەڵ گورگ، دوو شەمشەمەکوێر دێن و کە قسە دەکەن لە کاتێکدا ئەو نەخەوتووە، ڕێنوێنی دەکەن تا بچێتە لای ئاسنگەر و شاخەکانی تیژ بکات بۆ ئەوەی ئامادە بێت بۆ شەڕی گورگ، کە ئەچێتە لای، هەندێک شیری خۆی پێ دەدات، کە لە دەرگای دەدات شیرەکەی پێ دەدات و ئەویش لە جێی شاخەکانی دوو چەقۆی تیژ دەبەستێت، گورگەکەش بەیانی دەچێتە لای ئاسنگەر بۆ ئەوەی کەڵبەکانی تیژ بکات بۆ ئامادەکاری بۆ شەڕ، بەڵام ئاسنگەرەکە کەڵبە و گشت ددانەکانی هەڵدەکێشێت. "احمد سالار، چیرۆکە بەردەوامەکە، نمایشی شانۆیی"

ئەم دیمەنەی سەرەوە درێژکراوەی هەمان چیرۆکە فۆلکلۆرییەکەی شابزنە، بەڵام لە گۆشەنیگایێکی جیاواز، بەو پێیەی چیرۆکە کەلتووریەکە زیاتر گوزارشت بۆ زیرەکی و لێهاتوویی و خۆئامادەکردن و چاکەخوازی دەوروژێنێت، هەروەها هیچ لێکدانەوەیەکی سیاسی لە خۆ ناگرێت، بەڵام لە ڕێگای خواستنی ئەم چیرۆکە بۆ چیرۆکێکی تر کە باسی شۆڕشەکانی کورد دەکات ئەوا گشت ڕەگەزەکانی چیرۆکەکە بۆ ڕەگەزی تر دەگۆڕدرێن.

بۆیە توێژەر وای دەبینێت کە ئەوەی کە هایدگەر دەربارەی ئیستاتیکاوە باسی کردووە لەم بەرهەمە دا بەدی دەکرێت، بەجۆرێک کە کەرەستەکانی ناو کاری هونەری (جا چ مادی بن یا کەلتووری و فەرهەنگی) فەرمانیان جیاوازە لە ژیانی ڕۆژانە، ئەو بیرۆکەیە لەم کارە دا لەسەر چیرۆکێکی کەلتووری ئەنجام دراوەلە ڕێگای گۆڕینی فۆرمەکەی لە چیرۆکێکی ئاسایی و خستنەوەی بە چوارچێوەیەکی هونەری ئەوا مانای گشت ڕەگەزەکان گۆڕانکاری بەسەر دا دێت، ئەو دەرکە کە بۆ چیرۆکەکە هەیە و ئەو مانایانەی

کە لەخۆ دەگرێت تەواو دەگۆڕدرێن لە گۆشەنیگای کارە هونەرییەکە، بەوپێیەی کە ئیستاتیکا ئەرکی گواستنەوەی واقع نییە بە دەرککردنە باوەکە، بەڵکو بەخشینی ڕەهەندی نوێیە بە کەرەستەکانی واقع وەک چۆن هایدگەر دەڵێت.

لە دیمەنی دواتر دکتۆر پرسیارێک لە قوتابیەکە دەکات کە (ئایا ئەگەر بزن تۆڵەی خۆی بکاتەوە ئەوە کۆتایی بە کێشەکان دێت؟) دکتۆر پێی وایە کە ئەمە کۆتایی کێشەکە نییە و کەڵبەداران هێشتا بوونیان هەیە، بۆیە گفتوگۆیەکی توند لە نێوان ئەکتەرەکان دروست دەبێت و گشتیان ترسیان هەیە لەوەی کە ئایا ئەگەرەکان چین؟ لە کاتێک دا قوتابییەکە پێی وایە کە هۆکاری سەرنەکەوتنی گێڕانەوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وون بۆنی چاویلکەکەی بزن، بەڵام ئەکتەرەکانیتر ئەگەری دی دەخەنی بەردەمی، وەک ئەوەی دەکرێت گورگ سەربکەوێت؟ ئایا چاویلکەی بزن هەموو ڕاستییەکان دەگوازێتەوە؟ ئایا کارەساتەکان کۆتایی دێن؟ بۆیە لێرە دکتۆر بڕیار دەدات کە ناکرێت کۆتایی ئەم چیرۆکە هاوتەریب بێت لەگەڵ ئەو هەموو کەڵبەدارانە و هێشتا کات ماوە، بۆیە قوتابییەکە وەڵام دەداتەوە و دەڵێت کە پێش ئەوەی بگەن بە کۆتایی ڕوداوەکان پەلەی لێ کراوە و چاویلکەی بزنەکەیان دزیوە، دکتۆر پێی وایە (چاویلکەکە گرنگ نییە چونکە چیرۆکەکە وەک کانیاوێکە کە لە ناخی قوتابیەکە هەڵبقوڵێت) "احمد سالار، چیرۆکە بەردەوامەکە، نمایشی شانۆیی" بۆیە دوای گفتوگۆیەکی توند ئەوە دەردەکەوێت کە چاویلکەی هیچ کەسێکیان سوودی نییە ئەگەر لە ناخەوە شتەکان نەبیندرێن، بۆیە دووبارە هەریەکە و گفتوگۆ دەکەن لەسەر مێژووی کورد و شۆڕشەکان لە کاتی ناوهێنانی کارەساتەکان ڕووداوەکان دەبەسترێنەوە بەو کارەساتانەی کە بەسەر مێژووی کوردەوە هاتوون و ئەکتەرەکان بە شێوەیەکی سرووتیانە دەست دەکەن بە شین و واوەیلا و دەچنە نێو بینەرانەوە.

لەم دیمەنەدا ئەو پەیوەندییە ڕۆحیەی نێوان هونەر و تاکەکان بەدی دەکرێت بە شێوەیەک کە کاتێک قوتابیەکە کێشەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ چاویلکە دکتۆر سەرزەنشتی دەکات بەو پێیەی دەبێت چیرۆکەکە گوزارشتی ناخی کەسایەتییەکە بێت، چونکە چیرۆکەکە دانەبڕاوە لە کۆنەست و هەستی تاکی کورد بۆیە لە دوای ئەو دیمەنە هەموو ئەکتەرەکان لە تاریکیەوە قسە دەکەن و دەڵێن کە باوانیان بۆیانی گێڕاوەتەوە کە ئەوان بە بێکەسی و بە حەسرەتەوە مردن، کە ئەمە دووبارە جەخت لەسەرکردنەوەیە بۆ ئەوەی کە ئەم نمایشە شانۆییە هەڵقووڵاوی ئەو ڕۆحیەتە دووبارەبووەوەیە کە نەتەوەی کورد پیایدا تێپەڕیوە بە شێوەیەکی گشتی، بۆیە ئەگەرچی بەرهەمە هونەرییەکە لە نووسین و دەرهێنانی کەسایەتییەکی دیاریکراوە بەڵام گوزارشتە لە کۆنەستی گەل و میللەتێک، لێکدانەوەیەکی ویژدانی ڕۆحییە کە لە نێو بەرهەمە هونەرییەکە وەک سرووتێکی دەستەجەمعی گوزارشتی لی دەکرێت، کە ڕەنگدانەوەی دەرکی هێگڵە بۆ چییەتی کاری هونەری لە ڕێگای بەستنەوەی بە هەستی ڕۆحی سرووتییەوە، کە لە دیمەنی دواتر ئەمە زیاتر جەختی لێ دەکرێت کاتێک حەکایەتخوانەکە باس لەوە دەکات کە (ئەگەرچی بزنەکە توانی بەسەر گورگەکە سەرکەوێت بەڵام گۆشتخۆرەکان قۆچی بزنەکەیان لێکردەوە و گۆڕێکیان بۆ بزنەکە لێدا و ناشتیان و تەنها چاویلکەکانی مایەوە، کە تەنها گۆڕستان و سەرابێکی وەهمی تیایدا بەدی دەکرێت و بزنەکە هەرگیز ناتوانێت لە نێو ئەو کۆمەڵگایە دا بگات بە ئامانج) دواتر بە وشەی ئامین و دەنگی ئەڵاهوئەکبەر کۆتایی بە نمایشەکە دێت، کە ئەم دیمەنەی کۆتایی زیاتر لە سرووتێک دەچێت کە پەیوەندییە دەروونی و مێژووی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەبەستێتەوە بە لایەنی ئایینی و ڕۆحی، بە واتایەکی تر ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە میللەتی کورد تەنها خوای هەیە کە پشتی بەر نەدات و بەو باوەڕەوە کۆتایی بە نمایشە شانۆییەکە دەهێندرێت.

**٤-دەرئەنجام و پێشنیار و لیستی سەرچاوەکان:**

**٤-١ دەرئەنجام:**

لە دەرئەنجامی شیکردنەوەی نموونەی توێژینەوەکە توێژەر ئەوەی بۆ دەرکەوت کە دیارترین ئەو دەرکە ئیستاتیکییانەی کە لەم نمایشە دا بەدی کراون بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

1. پشت بەستن بە گێڕانەوە، لە ڕێگای دووبارە خوێندنەوەی کەلتووری کوردی بە ڕەهەندی هەنووکەیی، کە ئەمە لە دیوێک بریتییە لەو هزرە ئیستاتیکیەی کە (ئەرستۆ) بۆ هونەر هەیەتی، بەڵام لە ڕووی بینای درامی دا بینای درامی ئەرستۆیی تێکشکێندراوە و زیاتر پشت بەستراوە بە تیۆری هاوچەرخ بۆ بینای درامی.

2. بەخشینی ڕەهەندی نوێ بۆ ئەو کەرەستە کەلتووری و مادییانەی کە لە نێو نمایش دا بەکار هاتوون، کە ڕەنگدانەوەی هزری فەلسەفی (هایدگەر)ـە بۆ ئەو کەرەستانەی کە لە نێو پانتایی هونەری دا ڕەهەندی نوێیان پێ دەبەخشرێت.

3. دروست کردنی جیهانێکی سوریالی تێکەڵ بە جیهانێکی واقعی، لە تێهەڵکێش کردنی چیرۆکی (شابزن) و بەستنەوەی بە واقعی سیاسی کوردی.

4. بەرهەمە هونەرییەکە وەک ئاوێنەیەک بەکار هێندراوە بۆ خوێندنەوەی مێژوو و کەلتووری میللەتی کورد و ڕەنگدانەوەی سیاسەت تیایدا، وەک چۆن (ئەلبێر کامۆ) پێی وایە کو هونەر ڕەنگدانەوەی واقعە.

5. ئەزموون و دنیابینی هونەرمەند لە نێو بەرهەمە هونەرییەکە وەک تاک سەیر نەکراوە، بەڵکو گوزارشتە لە ڕەوڕەوەی کۆمەڵگای کوردی، کە ئەمەش ئەو دەرکەیە کە دیوی هەیەتی بۆ هونەر.

6. وروژاندنی پرسیار بە مەبەستی پێداچوونەوە بە کەلتوور و ڕەنگدانەوەی لە ئێستا و خوێندنەوەی داهاتووی کۆمەڵگا، کە ئەمە بە کرۆک و سەرەتای هزری فەلسەفی دادەنرێت لە سەرەتاکانی بونیادنانی تا ئێستا.

7. چوونە نێو چینە جیاوازەکانی واقع، لە گێڕانەوەی چیرۆکی منداڵان بۆ باسکردنی ژیانی کۆمەڵگا و مێژوو و سیاسەت و پێشبینی داهاتوو، بە شێوەیەک کە لە کاتی بینینی نمایشەکە تەواو دەرک بەوە بکرێت کە هونەر ڕۆدەچێتە نێو چینە جیاوازەکانی واقع.

8. جەخت کردنەوە لەسەر ئەو هەڵە دووبارەبووانەی کە بوونەتە هۆی شکستی شۆڕشە کوردییەکان لە ڕێگای بەستنەوەی بە چیرۆکی منداڵان، کە ڕەنگدانەوەی هزرە هەمیشە زیندووەکانن لە کۆنەستی کۆمەڵگای کوردی دا.

### ٤-٢ پێشنیاز

دوابەدوای تەواوکردنی توێژینەوەکە توێژەر ئەم پێشنیازانە دەخاتەڕوو:

1. گرنگیدان بە لێکدانەوە فەلسەفی و مرۆڤناسییەکان بۆ کاری هونەری لە لایەن ڕەخنەگرانەوە، کە ئەمە وا دەکات بەرهەمی بە بەها لە بەرهەمە بێ بەهاکان جیا بکرێتەوە.

2. دروستکردنی دەزگایێکی چاودێر لە ئاستێکی باڵا بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی بەها ئیستاتیکییەکانی بەرهەمە هونەرییەکان پێش بڵاوکردن و پاڵپشتیکردنیان.

3. گرنگیدان بە بابەتەکان ئیستاتیکی لە ئاستە جیاوازەکانی خوێندنی هونەری بە مەبەستی قووڵتر کردنەوەی هەستی جوانی لە لایەن فێرخوازانی هونەر.

### ٤-٣ لیستی سەرچاوەکان:

### کتێب و بڵاوکراوە:


- إبراهيم، زكريا (1988) فلسفة الفن في الفكر المعاصر،القاهرة:مكتبة مصر.

- أبو دبسه فداء حسين و نووسەری تر (2010) فلسفة علم الجمال عبر العصور، عمان: دار الاعصار العلمي للنشر والتوزيع.

- ارسطوطاليس، فن الشعر، وه: عبدالحمن بديوي، القاهرة: مكتبة النهضة المصرية.

- أفلاطون، جمهورية افلاطون، وه: حنا خباز، القاهرة: مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة، 2012.

- ب، كروتشه (٢٠٠٩) المجمل في فلسفة الفن، تر: سامي الدروبي، بيروت:المركز الثقافي العربي.

- جودي، محمد حسين (٢٠١٠) المدخل إلى علم الجمال ، ط1 ، عمان : دار صفاء للطباعة والنشر والتوزيع.

- الحافظ، منير (2003) المعيار الجمالي في فن اللامعقول، دمشق:دار الفرقد للطباعة والنشر.

- ديوي، جون (2011) الفن خبرة، تر: زكريا إبراهيم، القاهرة: المركز القومي للترجمة.

- رايت، وليم كلي (2010) تاريخ الفلسفة الحديثة، تر:محمود ياسين احمد، بيروت:التنوير للطباعة والنشر والتوزيع.

- الربيعي، علي محمد هادي (2012) الخيال في الفلسفة والأدب والمسرح، عمان: دار صفاء للنشر والتوزيع.

- شاهين، يوسف و نووسەری تر (٢٠٠٢) مسرح القرن العشرين، ج2، بيروت: دار الفارابي.

- فقيه، احمد (2010) انثروبولوجيا سارتر والماركسية- الندرة والعنف، بيروت: دار الفارابي.

- كاسيرر، ارنيست ( 1961) فلسفة الحضارة الإنسانية أو مقال في الإنسان، تر:إحسان عباس، بيروت:دار الاندلس.

- كامو، البير (1983) اسطورة سيزيف، بيروت: دار مكتبة الحياة.

- كانت، ئيمانوێل ( ٢٠٠٩) نقد ملكة الحكم، تر: سعيد الغانمي، أبوظبي: منشورات الجمل.

- ماكوارى، جۆن (٢٠٠٧) فەلسەفەی بوونگەرایی (وجودیەت)، وە: ئازاد بەرزنجی، چاپی دووەم،سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

- مطر، اميرة حلمي (1998) فلسفة الجمال أعلامها و مذاهبها، القاهرة: دار القباء للطباعة والنشر والتوزيع.

- مطر، اميرة حلمي(١٩٧٠) في فلسفة الجمال من افلاطون الى سارتر، القاهرة: دار الثقافة للطباعة والنشر.

- هايدغر، مارتن (2003) اصل العمل الفني، تر: أبو العيد دودو، كولونيا: منشورات الجمل.

- Langer SK. Feeling and form. London: Routledge and Kegan Paul; 1953.

- Langer SK. Philosophy in a new key: A study in the symbolism of reason, rite, and art. Harvard University Press; 2009 Jul.

### نمایشی شانۆیی:

- احمد سالار (2011) نمایشی شانۆیی چیرۆکە بەردەوامەکە، هەولێر: هۆڵی میدیا.

**الادراك الجمالي في العرض المسرحي الكردي - عرض (الحكاية المستمرة) أنموذجاً.**

**بيار لويس يعقوب**
قسم السينما والمسرح، كلية الفنون الجميلة، جامعة صلاح الدين-
أربيل،أربيل،اقليم كوردستان،العراق
Bayar.yaqoob@su.edu.krd

**أ.د.بلقيس على الدوسكى**
قسم السينما والمسرح، كلية الفنون الجميلة، جامعة صلاح الدين-
أربيل،أربيل،اقليم كوردستان،العراق
balkees.sheren@su.edu.krd

**ملخص**

للفن المسرحي والفلسفة علاقة تكاملية متعددة الأبعاد، من حيث أنهما يستكشفان أسئلة أساسية حول حالة الإنسان وطبيعة الواقع. لذلك فإن هذا البحث عبارة عن دراسة لإدراك البعد الفلسفي الجمالي لعرض مسرحية (القصة المستمرة) من الثقافة الكردية تم كتابته وإخراجه من قبل (أحمد سالار) بهدف الإجابة عن السؤال (ما هي المفاهيم الجمالية التي يتم ملاحظتها في عرض مسرحية(القصة المستمرة)؟) في الإطار النظري ، تمت مناقشة بعضاً من الأفكار الجمالية للفن، ومن ثم تم تحليل هذه الأفكار المختلفة وتأثيرها في عينة العرض، ليتم الإستنتاج بأن :

1 .الاعتماد على السرد، من خلال إعادة قراءة الثقافة الكردية من وجهة نظر معاصرة، وهو متقارب للفكر الجمالي الذي عند (أرسطو) للفن، أما من حيث البناء الدرامي فقد تم كسر البناء الدرامي الأرسطي ويعتمد اكثر على النظريات المعاصرة.

2 .إعطاء أبعاد جديدة للعناصر الثقافية والمادية المستخدمة في العرض، مما يعكس فكر هايدجر الفلسفية للعناصر التي يتم تجسيدها في الفضاء الفني.

3 .خلق عالم سريالي ممزوج بالعالم الواقعي، من خلال مزج قصة اطفال تراثية وربطها بالواقع السياسي الكردي.

4 .يُستخدم العمل الفني كمرآة لقراءة تاريخ وثقافة الأمة الكردية وانعكاس السياسة فيها، وهي متقاربة لما يرى ألبير كامو أن الفن هو انعكاس للواقع.

5 .لا يُنظر إلى تجربة الفنان ونظرته في العمل الفني على أنها تجربة فردية، بل هي تعبير عن عمق تجربة المجتمع الكردي، وهي متقاربة لإدراك ديوي للفن.

6 .طرح التساؤلات بهدف مراجعة الثقافة وانعكاسها في قراءة المجتمع الحاضرة والمستقبلية، والتي تعتبر جوهر وبداية الفكر الفلسفي منذ نشأته حتى الآن.

7 .الدخول إلى طبقات مختلفة من الواقع، بداية من رواية قصص الأطفال إلى الحديث عن المجتمع والتاريخ والسياسة والتنبؤ بالمستقبل.

8. التأكيد على الأخطاء المتكررة التي أدت إلى فشل الثورات الكردية من خلال ربطها بقصص الأطفال التي تعكس الأفكار الحية في سياق المجتمع الكردي.

**الكلمات المفتاحيية:**الإدراك – علم الجمال – البنية الفلسفية- العرض المسرحي.

**Aesthetic Perception in Kurdish Theatrical Performance - A Case Study of the Play (The Continuous Story)**

**Bayar Lois Yaqoob**
Department of Cinema and Theatre, College of Fine Arts,
Salahaddin University-ErbilmErbil, Kurdistan Region, Iraq
Bayar.yaqoob@su.edu.krd

**Balqees Ali Aldoski**
Department of Cinema and Theatre, College of Fine Arts,
Salahaddin University-ErbilmErbil, Kurdistan Region, Iraq
balkees.sheren@su.edu.krd

**Abstract:**

Theatrical art and philosophy have a complementary, multidimensional relationship, in that they explore fundamental questions about the human condition and the nature of reality. Therefore, this research is a study to understand the philosophical-aesthetic dimension of presenting the play (The Continuing Story) from Kurdish culture, written and directed by (Ahmed Salar), with the aim of answering the question (What are the aesthetic concepts that are observed in the presentation of the play (The Continuing Story)?) In the theoretical framework, some of the aesthetic ideas of art were discussed, and then these different ideas and their impact on the presentation sample were analyzed, to conclude that:

1. Relying on narrative, by rereading Kurdish culture from a contemporary point of view, which is close to Aristotle's aesthetic thought for art. As for the dramatic structure, the Aristotelian dramatic structure has been broken and relies more on contemporary theories.

2. Giving new dimensions to the cultural and material elements used in the display, reflecting Heidegger's philosophical thought for the elements that are embodied in the artistic space.

3. Creating a surreal world mixed with the real world, by mixing a traditional children's story and linking it to the Kurdish political reality.

4. The artwork is used as a mirror to read the history and culture of the Kurdish nation and the reflection of politics in it, and it is close to what Albert Camus believes that art is a reflection of reality.

5. The artist’s experience and outlook on the artwork is not seen as an individual experience, but rather an expression of the depth of the experience of Kurdish society, and it is close to Dewey’s perception of art.

6. Raising questions with the aim of reviewing culture and its reflection in society’s present and future reading, which is considered the essence and beginning of philosophical thought from its inception until now.

7. Entering different layers of reality, from telling children’s stories to talking about society, history, politics, and predicting the future.

8. Emphasizing the repeated mistakes that led to the failure of the Kurdish revolutions by linking them to children’s stories that reflect living ideas in the context of Kurdish society.

**Keywords:** Perception - Aesthetics - Philosophical Structure - Theatrical Performance